# ئاسۆی پەنابەران

ژمارە 1

بلاوکراوەی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

ئاسۆی پەنابەران ، بلاوکراوەیەکی مانگانەیە

www.federasion.org

September 2007


## مافی پەنابەری ، مافێکی ئینسانی یە و نابێت ڕێگە بە کۆتای هێنان بەم مافە سەرەتایەمان بدەین !

### بلاوکراوەی ئاسۆی پەنابەران بۆ ؟

یەکێك لەبڕیارنامە گرنگەکانی کۆنگرە تەبلیغات و ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەژیان و هەڵسوڕانی فیدراسیوذیسەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی دا. کە بەدڵنیای لە ئایندەیەکی نزیکدا شاهیدی کۆمەڵێك گوڕانکاری بەرچاو دەبین لەم بوارەدا. هەربۆئەم مەبەستە لەیەکەمین کۆبوونەوەی سکرتاریەتی فیدراسیوندا بڕیاردرا لەزووترین کاتدا دەست بەکاری بەگەڕخستنی بلاوکراوەیەکی مانگانەبین بەمەبەستی وەلام دانەوە بەگۆشەیەك لەنیازو پێداویستیەکانی فیدراسیون کە سەرئەنجام ئاسۆی پەنابەران کرایە ئەو بڵندگۆیە بەهیواین لەگەڵ پێشوازی وهاوکاری بێ درێخی هەمووئێوە هەڵسوڕاوانی فیدراسیون و ئەو دۆست و بەڕێزانەی کەکێشەو ژیانی ڕۆژانەی پەنابەران بە مەسەلەی خۆیان دەزانن، هاوکاریمان بکەن و بەووتارو بابەت و ڕەخنەو سەرنجەکانتان بتوانن ئەم بلاوکرایە بکەینە بلندگۆیەکی ئازادو کاریگەرو دەخالەتگەری پێشڕەو لە ژیانی هەموو پەنابەرانی کوردزماندا .

جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئەوەش بڵێن کە بلاوکراوەی ئاسۆی پەنابەران ..... بۆ لاپەرە ٤

## کۆنگرەی فیدراسیۆن دوای دوو ڕۆژ کاری چڕو پڕ سەرکەوتوانە کۆتای




ڕۆژانی ٢٥-٢٦-٨-٢٠٠٧ لەشاری ستۆکهۆڵم کۆنگرەی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی بە ئامادەبوونی نوێنەرانی فیدراسیۆن لە وولاتەکانی ئەسکندنافی وئەوروپا وکەنداوبەمیوانداری(Jean Lambert) لە پەرلەمانی ئەوروپاوحزبی سەوز، و(Doug Holton) بەرپرسی کەمپینی دژی دیپۆرتی مندالان،و(Karen Johnson) بەنۆینەرایەتی یەکیتی کریکاری هاتووچوو و ڕێکخراوی (NO SWEAT)، ... بۆ لاپەرە ٢

### بابەتەکانی ئەم ژمارە


بڕیارنامەکانی کۆنگرەی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

ووتاری کردنەوەی کۆنگرە ....

بانگەوازی حزب و لایەنەکان ....

پەیامی حزب و لایەنەکان ....

خۆپیشاندانێکی سەرکەوتوو بۆ پشتگری لە نازەی ئاقای ئە نجامدرا !

ڕاوەستانەوە دژ بە راسیزم و نەژاد پەرستی کاری بەرەی ئێمەیە !



سەرنووسەری بلاوکراوەی ئاسۆی پەنابەران : ڕێبوار عارف


بەم ناونیشانە پەیوەندیمان پێوە بکەن

fediraq@welho.com

PL / 00300 Helsinki – Finland

00 358 440464905 : ژمارەی تەلەفون


### ووتاری کردنەوەی کۆنگرەی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی



( دەشتی جەمال )

بەڕێزان نۆینەران و هەڵسوڕاوانی فیدراسیۆن و نۆینەران ئەحزاب و ڕێکخراوکەسایتیەکان پەیامنێرانی ڕۆژنامەو میدیاکان ، بەشداربوانی کۆنگرەی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی بەگەرمی بەخێر هاتناتان لێ دەکەم، سوپاسی ئامادەبونتان دەکەم.

بەڕێزان : بەستنی کۆنگرەی فیدراسیۆن گرنگییەکی پر بایەخ و چارەنووس سازی هەیە، ئەمە نەك تەنها بەوهۆیەوە کەدەوڵەتانی ئەوروپا خەریکی پیادەکردنی سیاسەتی دیپۆرتی پەنابەرانی عیراقین، تەنانەت نەك هەربەو هۆیەوە کەهەزاران پەنابەری کوردو عیراقی ساڵەهای ساڵە بەبێ وەلام بەداوای مافی پەنابەریەتیان ڕاگیراون وهیچ ئاسۆیەك لە بەردەمیاندا نییە، بەڵکو ئەم کۆنگرەیە بەوهۆیەوە گرنگە کە کۆمەڵگای عێراق لە دەورەیەکدا چارەنوسی خۆی تیدەپەرینی، کە جەنگ وکوشتارو ئاوارەیی سیما سەرەکەیەکان .... بۆ لاپەرە ٣

درێژی کۆنگرەی فیدراسیون ....

شیرزاد فاتح بەرپرسی سەنتەری بەرگری لەمافەکانی مندالأن ،خەسرەو سایە نوێنەری مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق ،(فاتح شیخ)سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزبی حیکمتیست ،(توفیق محمدی)نوێنەری رێکخراوی پەنابەرانی ئیرانی بیٚ مەرس،(فارس محمود نوێنەری کۆنگرەی ئازادی عیراق) و ژمارەیەك میوانی تر، سازدرا.

کۆنگرە بەدەقیقەیەك وەستان بۆ ڕێزگرتن لەیادی ئەو پەنابەرانەی لەڕێگای سەخت ودەریاو سنوری وولاتەکاندا بونە قوربانی دەستی پیکرد، پاشان میژوو کارنامەی فیدراسیۆن لەلایەن "کارن" بە زمانی ئنگلیزی وئاسۆ گوران بەزمانی کوردی پیشکەشکرا، پاشان (دەشتی جەمال) ووتاری کردنەوەی کۆنگرەی فیدراسیۆنی پیشکەش کرد، کەتیایدا لەسەرجێگاوڕێگای فیدراسیۆن وگرنگی وپیداویستی چارەنووسازی کۆنگرە لەهەلومەرجی سەختی ئیستای عیراق وئەو دۆزەخەی لە ئاکامی جەنگ وداگیرکاری وشەڕی تایفی ونائەمنی سیاسی وئابوری وکۆمەلایەتیدا، ڕوبەرووی خەلکی عیراق وکوردستان بۆتەوە، قسەوباسی کرد.

هەروەها لە بارەی پیداویستی فیدراسیۆن وەکو رێکخراوەیەکی جەماوەری و ئینسانی و رادیکال توندو تۆلٚ مەحکەم لەنیو کۆڕو کۆمەڵی پەنابەری و بەدیلی فیدراسیۆن بۆ مافەکانی پەنابەران لەجیهان وەك بەشێك لە لائیحەی مافە جیهان داگرە ئینسایەکان خستە روو، هاوکات لە پەیوەند بە ئەرکەکانی فدراسیۆن بۆچارەسەری کیشەو وگیروگرفتەکانی پەنابەران لەوولاتەکاندا، رێگاچارەی کارسازو عەمەلی بەکۆنگرە پێشنیار کرد، پاشان کۆنگرە بەپیشکەشکردنی چەپکە گوڵیك قەدردانی خۆی بۆ هەڵسوڕان و ماندووبوونی ڕێبوار عارف دامەزرێنەری ڕێکخراوی فیدراسیۆن ڕاگەیاند.

پاشان (Jean Lmbert) لە پەرلەمانی ئەوروپا و حزبی سەوزە لە ووتەیەکدا ڕای گەیاند پەرلەمانی ئەوروپا زۆری پیٚخۆشە پشتیوانی کارەکانی فیدراسیۆن بکات ،نابیٚ هیچ کەس بۆ بەزۆر رەوانەی عیراق بکریٚتەوە..، پیٚویستە دەرگای وولاتانی ئەوروپا بەرووی پەنابەرانی عیراقی بخریتە سەر پشت و مافی پەنابەریان بۆ دابین بکریٚت... لەبەشێکی تری قسەوباسەکاندا ڕایگەیاند ئەوان وەك کۆمەلێك ئەندام پەرلەمان لە هاوینی ئەم سالٚ چەند داوایان لەسەر کیشەو گیرو گرفتەکانی پەنابەران و ژنان و مندالانی پەنابەری عیراقی خستۆتە بەردەست وداوای گەیاندنی زانیاری زیاتریان کرد لەسەر کیشەی ژنان لە کوردستاندا.

هەروەها نوێنەرانی ڕیٚکخراوە پەنابەری و ئینسانی وحزب ولایەن و کەسایەتیەکان لە بەشی ووتاری لایەنەکان قسەو باس وپشتیوانی بیٚ دریغی خۆیان لەکۆنگرەی فیدراسیۆن ڕاگەیاند،




هاوکات پەیامی لایەنەکان لەوانە(پەیامی ستاف ڕۆژنامەی ئازادی لەکوردستان ،سامان کەریم سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق ،ئاسۆ زامۆی نوێنەری فیدراسیۆن لەسوریا ،فەلاح عەلوان سکرتیری فیدراسیۆنی شوراو یەکێتی کریکاریەکان ،دارا ئەحمەد لەجیاتی فیدراسیۆنی کۆمەلە کوردیەکان ،کوردۆ جاف لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی وموخلیس خەلەف لە کۆمەلەی دۆستینی کوردی رۆژ ئاوا بەریتانیا، جەمال رۆژهەلات کۆمەلەی ڕۆژ هەلات ، پایزە ئەحمەد لە کۆمەلە ژنانی کورد،زانا کوردستانی لە فیدراسۆنی پەنابەرانی کورد، سەوسەن سەلیم ڕیٚکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان، رێکخراوی گەنجانی بیٚسنور، سارە پارکەر لەبەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عیراق، (Nico) لە کەمپینی هاوپشتی عیراق لە فەرەنسا و چەند نامەو پەیامی تر کە بە کۆنگرە گەیشتبوو بە ئنگلیزی و کوردی خۆیندرانەوە.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەری بۆ (دەشتی جەمال،ئاسۆ گوران ،جاسم غفور،جین لامبیرت )لە سەر کۆنگرەی فیدراسیۆن وباسو ریٚگا چارەکانی بۆ کیشەی پەنابەران خرایە بەردەم میدیاکان کە پەیام نیری هاوولاتی و بۆ پیٚشەوە وتەلەفیزیوونی کۆمەلە وتەلەفیزیوونی سویدی چەند رادیوی کوردی ئامادەبوون وەلام بەپرسیارەکانیان درایەوە،فلیمی کارو هەڵسوڕانەکانی فیدراسیۆن کە لەلایەن لوقمانی حەمەرەش ئامادەکرابوو بۆ بەشدار بوانی کۆنگرە نیشان درا. ڕۆژی دووەم پاش هەڵبژاردنی هەیئەتی بەرێوەبردنی کۆنگرە و ناساندنی نوێنەران راپۆرتی دەورەی دووسالٚی رابردوو لەلایەن دەشتی جەمال وهەڵسەنگاندنی کەموکورتیەکان پاشان ڕێبوارعارف سکرتیری پیٚشوی فیدراسیۆن و ڕاپۆرتێکی لە کارو هەلسورانی فیدراسیونی لەسالەکانی ١٩٩٩ تا ٢٠٠٣ پیشەکەش بە بەشداربووانی کۆنگرەکرد.

پاشان ئاسۆ گۆران و جەلال سەعید لەکەندا و سۆزان حسین سوید وجەمال کۆشش لە سویسرا وبابان عوسمان ستۆکهۆڵم بەشەکانی تری ڕاپۆرتەیان تەواو کرد. لەبەشی بەڵگەنامەو بریارنامەکانی کۆنگرەدا، بەڵگەنامەی بەیانی مافەکانی پەنابەران لەلایەن دەشتی جەمال پیٚشکەش کرا، کەدوای کفتوگۆیەکی هەمەلایەنە، لەلایەن کۆنگرەوە بەوینەی سەنەندێکی فیدراسیۆن پەسەندکرا، پاشان بڕیارنامە لەسەر ناجیٚگیری ونائەمنی کوردستان و ڕەتکردنەوەی دیپۆرتی پەنابەران بۆ کوردستان لەلایەن وولاٚتە ئەوروپایەکان لەلایەن( جاسم غفور) پیٚشکەشکراو بەکەمیٚك ئالوگۆڕەوە پەسەندکرا. بەدوا ئەوەدا بەڵگەنامەی پەیرەوی ناخۆی فیدراسیۆن لەلایەن خەسرەو سایەوە پیٚشکەش بەگۆنگرە کرا پاش موناقەشەی بەشداربوان وکەمیك ئالوگۆر دەنگی پیٚدرا. کۆنگرە چەندین بڕیارو مەسەلەی تری لە پەیوەند بەوەزعی پەنابەران و ئاوارەیی و لەسەر کیشەی ژنان ومالی فیدراسیۆن سپارد بەسکرتاریتی داهاتووی فیدراسیۆن کە دواین بڕیاریان لەسەر بدات.

لەدواهەمین برگەی کۆنگرەدا (دەشتی جەمال) بە تیکرای دەنگ بە سکرتیری فیدراسیۆن هەڵبژیرا، بەدوا ئەویشدا هەریەك لە (بەکر حەمەد، ئاسۆ گۆران، ریبوار عارف، جاسم غفور، جەمال کۆشش، عمر ئەمین، بابان عوسمان، سۆزان حسین) بەئەندامی سکرتارێتی فیدراسیۆن هەلبژێردران. بەووتاری کۆتایی کۆنگرە کەلەلایەن "جەشتی جەمال"ەوە پیشکەشکرا، کۆنگرە دوای دوو رۆژ کاری چڕوپڕو بەشداری چالاکانەی نوینەران و میوانەکانی سەرکەوتوانە کۆتایی بەکارەکانی خۆی هیٚنا.

**بڕیار نامەی ڕێزلیٚنان لە ڕێبوار عارف :**

کۆنگرەی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی تەقدیری خۆی بۆ ماندووبوون ونەخشی ڕیبوار عارف دامەزرێنەرو بەرپرسی پێشوی فیدراسیۆنی پەنابەران عیراقی ڕادەگەیەنێت وە دەستی ماندوو بوونی دەگوشین !

کەجەنگ وکوشتار و ئاوارەیی سیما سەرەکەیەکان وحالەتێکی هەررۆژەیەتی. بەتایبەتیش ئەم کۆنگرەیە لەکاتێکدا دەگیریت کە زیاتر لە٤ ملیون ئینسان لەخەڵکی عیراق لەبەرامبەر سەختی هەلومەرجیکانی ژیان وجەنگ نەبوونی ئەمنیتدا ئاوارەو دەربەدەر وبیٚ پەناکراون وژیانی ژێر خیمەو ئۆردوگایییان بەسەردا داسەپاوە و محروم کراون لەسەرەتاترین پێداویستیەکان ژیانی رۆژانەیان چ لەناخۆی عیراق چ وولاتانی دراوسیٚ.
ئەم حالەتەش ئیتر هیچ شك و گومانێك ناهێڵێتەوە سەبارەت بەوەی کەدیاردەی پەنابەریتی و پەنابەرانی عیراقی وەك دیاردەیەکی سیاسی تەماشابکریٚ وبە پەنابەرانی سیاسی حسابیان بۆبکریٚ. چونکە ئەمانە راستەوخۆ بەر ئەنجامی کێشەی جەنگ وسیاسەتی ئەمریکاو دەولەتانی رۆژئاوا و دەستەو تاقمی قەومی وئیسلامی سەربەم کەمپەن وبەهۆی نائەمنی و بیدەرەتانی و کوشتارو جەنگەوە روویان کردۆتە دەرەوەی ولات وبەم هۆیەشەوە هەلومەرجێکی نالەباری نا ئینسای کەخۆیان هەڵیان نەبژاردەوە بەسەریاندا داسەپیندراوە.

تیرۆریزم و جەنگی تایفی و مەزهەبی بەرهەمی سیاسەت ئەم نەزمە جیهانییەیە کە لەعیرقدا بەریٚ کەوتووە، ئەم فەوزاو کوشتارگایەش بواری داوە بە جورەها دەستەو تاقمی کۆنەپەرست کە سەرەتارین مافو ئازادیەکانی خەڵکیان لەژیر پێناوە. بەم جۆرەش نەك هەر ژیانی ئێستای خەڵك لەنیو سیناریۆیەکی رەشدا راگیراوە، بگرە داهاتووی کۆمەڵگای عێراق سەرتاپا نارۆشن و تادیٚت دەبێتە مەیدانی کایەکردنی سیاسەتی کوێرانەو ئینسان کوژی وئاسۆیەك بۆ دامەزارندنی دەوڵەتێك و قانونێك کە ژیانی هەمووان بپاریزی و مافی هاولاٚتی یەکسانیان بۆدابین بکات، وئەمنەیەت بۆ کۆمەڵگا بگەرینیتەوە، بەتەواوی دورو ناموحتەمەلە.

لەناوچەکانی کوردستانیش کە بەروالەت لەچاو باوردۆخەکانی عیراق ئارام دێتەبەرچاو بەلام وەزعی خەڵکیش لەم چاوارچیوەیە بەدەرنیە، هەڵواسراوی ونادیاری چارەنوسی کۆمەڵگای کوردستان ترسو دڵەراوکێیەکی هەمیشەیی لەنیو خەڵکدا پێکهێناوە، دەخالەتی دەولەتانی ناوچەکە، هەرەشەی تیرۆرو تەقینەوە، پیکدادانی شەری ناوخۆ، یەك هەقیقەتی هەرساتەیەو هیچ کەس نازانی کەشەو سەردەنیتەسەرسەرین رووداوەکانی سبەینیٚ چی دەبێت. لەکوردستان نەدەوڵەت هەیەو نەقانونیکی بەرەسمیەت ناسراوی نیو دەوڵەتی، ئەوەی هەیە بەرهەمی سیاسەتی جەنگ وداگیرکاری ئەمریکایەو بەکشانەوەی ئەم هیزانە لەعیراق ئایندەی کوردستان دەسپێردریت بەشەڕوململانێی دەولەتانی ناوچەکەو هێزە نیوخۆیەکانی عیراق و کوردستان کەهیچ شتیك لەبەرنامەیاندا نییە جگە لەشەڕو کوشتارو کۆنەپەرستی ونائارام کردنی ژیانی کۆمەڵگا. لەلایەکی تریشەوە دەسەڵاتێك ئەمرۆ لەکوردستاندا هەیە کەبەزەبری چەك خۆی بەسەر خەڵکدا داسەپاندووە وبەدرێژایی ١٦ساڵیٚ رابردوو جگە لەڕاگرتنی خەلکی کوردستان لەنادیارو بێمافیدا هیچ شتیکی تریان بەرهەم نەهیناوە. بەتایبەتی لەژێر دەسەلاٚتی حیزبە چەکدارەکانی وەك یەکیتی نیشتمانی وپارتی دیموکراسی کوردستاندا، ئەوەی ڕوویداوەو ئەنجام دەدری، پەلاماردان وسەرکوتی خەڵکی مەدەنی شارەکانی کوردستانە، تەقەکردن لە خۆپیشاندانی خەڵك، ئینسان دزین وگرتنی ڕۆژنامەنوسان وخەڵکی ئازادیخوازان، پەلاماردانی ئەحزابەکان و مونافەسەی شەڕو هەڕەشەکردن لەهەرلایەنیکی موخالیف بەخۆیان، تا تیرۆرو ڕاکیشانی دەستی دەولەتانی ناوچەکەو دەزگای جاسوسیکردنیان، ئاوەلاکردنی دەستی مەزهەب وئیسلام وگروپە تیرۆریستیەکانیان لەسەرژیانی کومەلگا وژنان ومنالان، ئەمرۆ دیاردەی کوشتنی ژنان وبەردەبارانکردنی کچان ومنداڵان بۆتە مۆدێك کەهەواڵەکانی گەیشتۆتە شاشەی تەلەفزیۆنەکانی ولاتانی دەرەوەش. بەلاٚم لە بەرامبەر هەموو ئەم واقعیەتانەدا پەنابەرانی عیراقی لەگەل کامە وەلاٚم وهەڵسوکەوت بەرەو روون؟

## بەریزان ئامادەبووانی کۆنگرە....

دەولەتانی ئەوروپا لەوەڵام بە دیاردەی پەنابەرانی عیراقیدا، سەرەڕای ئەوەی کەزۆرباش راستیەکانی کۆمەڵگای عیراق وکوردستان دەزانن ودەبینن کەچی لەئارادایە، بەلاٚم بەوهۆیەوە کەئەم دەولەتانە خۆیان مەحکەم لەپشتی نەخشەو سیاسەتی شەرخوازانەی ئەمریکا ڕاوەستاوون سیاسەتیان ئەوەیە کەڕۆژانە دەست لەیاسا نیودەولەتیەکان وپەیماننامە ڕەسیمیەکان سەبارەت بە مافی پەنابەریتی بکێشنەوە، زەخت زۆر بۆ پەنابەرانی عیراقی بهینین تا بەزۆرەملی دیپۆرتیان بکەنەوە .

لەلایەکی تریشەوە سیاسەت ومامەلەیەك کە حکومەتەکەی مالکی وهەردوو حزبی دەسەلاتداری یەکیتی وپارتی بەکێشەی پەنابەرانەوە ڕەچاویانکردووە، ئەوەیە کەبۆ شەرعیەت دان بەدەسەلاتەکانیان وڕەواج پێدانی لەنیو موناسەباتی دەولەتاندا، کێشەی پەنابەرانیان بەکار هێناوە و لەهەموو دانیشتن و دیدارەکانیاندا لەگەل وەزارەتخانەو قونسولیەی دەولەتانی ئەوروپادا وەك رینیشاندەری گیرانەوەی پەنابەران مامەڵە دەکەن وفرۆکە خانەکانیان خستۆتە ئیختیاری گیرانەوەی پەنابەرانەوە. ئەمە جگە لەوەی کەبنکەکانی یەکیتی وپارتی لەدەرەوەو بازگەکانی سەرسنور خزمەتیان بۆ ئەم کارە پیشکەشکردووە! لەکۆپیکردنی پاسپۆرت تا پیشکەشکردنی زانیاری لەسەر ئەوانەی کە لەدەرەوەن، تا ناساندنی کوردستان بەولاتێکی دیموکراسی وئازادو پەیڕەوکەری مافی مرۆ.. هەموو بۆئەوە بووە کەلەباری سیاسی و عەمەلییەوە کۆمەك بەدەولەتانی ئەوروپابکەن بۆگێرانەوەی پەنابەران.

تەرەفیکیتریش کەلەبەرامبەر کیشەی پەنابەراندایە ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکانە. بەتایبەتی کەلەم ساڵدا کۆنگرەی جنیڤ بە بەشداری زیاتر لە ٦٠ دەولەتی جیهانی و کۆنگرەی جۆراجۆری تر لەوولاتانی دراوسیٚ عێراق گیرا بەلاٚم هیچ کام لەم کۆنگرانە بۆ رێگا چارەی کێشەی پەنابەرانی عیراقی نەگیرا لایەنەکانی بەشدار خۆیان محکەم لەپالٚ جەنگ و سیاسەتی ملیتاریزمی ئەمریکا دا راوەستان.

کەواتە ڕێگا چارە چی ی ؟ وەکیٚ دەتوانیٚ وەڵام بەکێشەو گرفتی پەنابەریتی خەڵکی ئاوارەی عیراق بداتەوە ؟ هەروەها کام سیاسەت وکام هەنگاوە دەتوانی خەڵکی پەنابەرو ئاوارەی عیراقی و کوردستانی لە میحنەتەکانی ژیان دەربهێنیٚ ؟ بەبڕوای من رێگا چارەیەکی ئینسانی ومەدەنی ئەگەر هەبێت، وەلاٚمێك ئەگەر لەڕوانگەی قازانجی خەڵکی عیراقەوە بدرێتەوە، لەم کۆنگرەیەوە دەستپیٚ دەکات ئەم کۆنگرەیە وەڵامە بە چارەسەرکردنی ئینسانیانەی کێشەی پەنابەرانی عیراقی. ئەمە چۆن و بەچمانایەك، رێگاکانی چین؟ بۆوەلامی ئەم پرسیارانە ریگام بدەن با کەمێك بەرابردووی ئەم ریکخراوەیەدا بچمەوە:

لەپێشەوە دەڵێم کە نۆینەران وهەڵسورانی ئەمڕۆی نیو ئەم کۆنگرەیە پەرچەمێکی ئینسانیان بەدەستەوە گرتووە ،ئەو ڕۆژەی ئەم رێکخراوەیە دامەزرا خاوەنی خەرمانێکی گەورە لەکارنامەی سیاسی ودەستکەوتی گەرە گەورەیە بۆ پەنابەران ، گۆیزانەوەی دەیان پەنابەرو بەرگری لەماڤی پەنابەریان بۆ وولاتای سێیەم ،راوەستانەوە و دژ بە هەر جۆر جیاکاری و هێرشێکی نەژاد پەرستانە لەدژی پەنابەران، فیدراسیۆن توانی ژیان دەیان پەنابەر لەو دۆزەخە نەجات بدات وهەزاران پەنابەر

بەقبول بکێشێو ڕەوانەی وولاتە ئەوروپایەکان بکات ،توانی نارەزایەتێکانی پەنابەران یەکگرتوو رێکخراوبکات و لەپێناو بەدەستهێنانی مافە ئینسانی یەکانیان، هێزێکی کاریگەرو لەئاستی جیهانیدا پشتیوانی بۆ مافە بەرهەقەکانی پەنابەرانی کوردی وعیراقی بخاتە پشتی پەنابەرانەوە، ڕێنمای دروست بخاتە بەرپێ پەنابەران لە تورکیاوە تا یۆنان وئیتالیاو ڕووسیا.. بەدەیان پەنابەر ڕزگار بکات، گەیاندنی دەنگی ناڕەزایەتی پەنابەران بەدنیا، وەستانەوە دژ بە بەفەرهەنگی پیاو ساری وبەرگری لەمافەکانی ژنان ومندالان ودەرکردنی بەدەیان و ئیمزا کۆکردنەوە پیکیتی تەبلیغاتی وزنجیرەی ئاکسیۆنی تا دەرکردنی گۆڤاری فیدراسیۆن وسازدانی تۆری نۆینەرایەتی وکردنەوەی دەفتەری نۆینەرایەتی لە سەرتاسەری وولاتانی ئەسکەندەناڤ وتورکیاو یونان وکەندا ئوستралیاو..وەختێ ئاور لە میژووی دامەزراندنی ئەم رێکخراوە دەدەینەوە دەریایەك لە سەروەری ودەسکەوتی گەورە بەرچاو دەکەوێت.

بەریزان

ئەم کۆنگرەیە وەلامی ئەو ئیدعایانە دەداتەوە کە کوردستان وەك بەشێکی عیراق بە ئارام ناوزەد دەکات وولاتانی ئەوروپا لەسەری قسەیان یەك کردوە دەیانەویت پەنابەران بەزۆر بگیرنەوە کوردستان لەکاتێکدا دەیەیەکە چارەنووسی خەڵکی کوردستان سپێرا بەدوو ئەحزابی دەسەلاتدار (یەکیتی وپارتی) کە بارودۆخی کوردستانیان بە ناجێگیری هێشتۆتەوە نە بۆ تە دەولەتێك کەماف وئازادییەکان وپێداویستیەکانی ڕۆژانی خەڵکی کوردستان دابین بکات ونە بەشێکە لەدەوڵەتێکی جێگیر، من لەکۆبوونەوەیەك لە پەرلەمانی ئەوروپا کەلەلایەن بەڕێز جین لامبیرت ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا بۆمان سازدرابوو بە سەرۆکی شورای پەرلەمانی ئەوروپا ولەگەڵ چەند ئەندام پەرلەمانی تری ئەوروپام راگەیاند ئەگەر دەولەتانی ئەوروپا دەیانەوێت وولاتەکانیان لەلیشاوهاتنی پەنابەرانی کوردی عیراقی رزگاریان بێت بابێن دەولەتێکی مودرێن لەکوردستاندا دامەزرێنن تاکەس هەڵنەیەت بێن پشتیوانی بکەن لەو رێکخراوانەی کاردەکەن بۆ کۆتای هێنان بەداگیرکاری و گیرانەوەی ئەمنیت پشتیوانی لە دەسەلاتێکی سکولارو مەدەنی بکەن لەعیراقدا، ڕێگابدەن بەخەڵکی عیراق خۆیان داهاتووی خۆیان دیاری بکەن وەختێ ئەمە ناکەن لێشاوی پەنابەری بەرهەمی خۆیانە پێویستە لەسەریان ئاکامەکەی قبوڵبکەن. ئێمە پێویستمان بە پێناسەکردنەوەی پەنابەرو مافەکانی



پەنابەرانەکە چەند بەڵگە نامەی گرنگی ئەم کۆنگرەیە پەرچەمێکی ئینسانیە نەك تەنها بۆ پەنابەرانی عیراقی بەڵکو سەندێکە دەتوانێ لەهەرشۆێنێکی جیهان بۆ بەرگری لەمافە ئینسانیەکانی پەنابەران بەدەستەوە بگیرێت.

بەریزان ئامادەبووانی کۆنگرە..

بەدڵنیاییەوە دنیای دەرەوە چاوی بریوەتە ئەم کۆنگرەیە وئاکامەکانی، فیدراسیۆن بەشێکە لەم ڕووداوانەی ئێستای جیهان وکیشەی پەنابەری ، موقعیتی بزووتنەوەی پەنابەری ئەوە لەئێمە داوا دەکات ڕێکخراوەیەکی جەماوەری توندوتۆڵ مەحکەم لەنیو کۆروکۆمەڵی پەنابەری دامەزرێنیین، رێکخراوەیەکی سیاسی جەماوەری غەیر دەوڵەتی و مکازیمالیستی کەلەبەری چەپو ئینسان دۆستی وئازادیخوازی خۆی تعریف بکات بەدەیان ئینسانی ئاوارەو بێ پەنا بەهەزاران هەزار پەنابەر کە هەرەشەی گیرانەوەیان لەسەر بەدەیان ژن کە لەگەڵ کێشەی پیاوسالاری بەرەوڕِوون دەیان مندالً وپەنابەر کە لەکەمپەکان پەراوێز کراون لەتێکەولاوبوون پێویستیان بەفیدراسیۆنە،دڵنیام فیدراسیۆن لەم خەباتە تەنها نیە دەیان ڕێکخراوی پەنابەری و ئینسان دۆستو خەڵکی ئازادی خوازی دنیا ئەوانەی لەدەورەی جەنگ لەپالً خەڵکی عیراق ڕاوەستان تا ئەحزابی چەپ و یەکیتی کریکاری و ئەندام پەرلەمانی ئەم وولاتانە لەپالً ئێمەوبەرگری لەخواستەکانماندان، ئەمڕۆ نۆینەرانیان لەم کۆنگرەیەدا لەگەڵ ئێمە بەشدارن.

هیوادارم ئەم دوو ڕۆژە لێرە بتوانیین داهاتوویەکی پرکار بەڕابەرایەتیەکی پرکارو دامەزراندنی رێکخراوەیەکی بەهێز بخەینە بەردەم هەڵسوڕاوانی فیدراسیۆن کەبتوانێ فریای ژیانی سەدان ئینسان بکەویت کەلەگەڵ مەترسی مەرگ ڕووبەروون، فەلسەفەی ئەم ڕێکخراوەیە ئینسانە ئالووگۆڕ کردنە لەژیانی ئینسان بۆدنیایەکی باشتر !

سەرکەوێ کۆنگرەی فیدراسیۆن

بەیەکێك لەلایەنە بەرپرسەکان دەزانێ و بەتەواوی تواناوە تێدەکۆشێت تا دەزگاکانە یوئین لەئاستێکی فراواندا بخاتە ژێر فشارەوەو واداری بکات بەدەخالەتی کاریگەر لەراستای ڕاگرتنی سیاسەتی دیپۆرتی پەنابەرانی کوردستان و سەلماندنی مافی پەنابەرایتی بۆیان.

٣- لەهەمان کاتدا فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی، هەرجۆرە هاوکارییەکی حکومەتی عیراقی و دەسەلاتدارانی کوردستان بەدەولەتانی ئەوروپا بەمەبەستی ریگا خۆشکردن بۆ دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی کوردستان، مەحکوم دەکاو بەسیاسەتێکی دژی خەڵکی دەیانسێنێ و تێدەکۆشێ ڕای گشتی خەڵکی کوردستان ودنیا لەم هەڵوێستە ئاگادار بکاتەوە.

٤ – فیدراسیۆن پشتیوانی لەهەر هێزلایەنێکی ئازادی خواز دەکات کە بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی کوردستان تێ دەکۆشێ .

فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی بانگەوازی سەرجەم پەنابەران دەکات بۆ کۆبوونەوە وریکخراوبوونیان لەدەورەی فیدراسیۆن وهێنانە مەیدانی ریزی بزوتنەوەی سەربەخۆی خۆیان بەدژی سیاسەتی دیپۆرتی پەنابەران و بەدی هێنانی مافەکانی پەنابەریتی..

٢٠٠٧/٧/٣٠

◈◈◈◈◈◈◈◈◈◈◈◈◈◈

درێژی ( ئاسۆی پەناران بۆ ؟ لە لاپەرە ١ ) ...

گرنگیەکی زیاتر دەدات بەو بابەتانەی کە لەبازنەی کێشە سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنیەکانی پەنابەرانە ، بۆیە بەدڵنیای پیشوازیەکی زیاتر دەکەین لە بابەتەکانی لەچەشنی نسبیەتی فەرهەنگی، ڕاسیزم ونژادپەرستی، ژنان، مندالان، کێشەکانی ئەنتگرسیون، مەزهەب، ناسیونالیزم، سکۆلاریزم ، عەلمانیەت و ... دوا ووشە لەپالً چاوەڕوانی هاوکاری کردنتاندا ، دەبێت ئەوەش بڵین کە ئەم ژمارە تایبەتە بە باس و بڕیارنامەکانی کۆنگرەی فیدراسیونەوە.

بەهیواین هاوکارو هاوڕێ مان بن بۆ دەوڵەمەندکردنی بلاوکراوەکەتان لە ڕوانگەو جیهابینیەکی ئینسانی و پێشکەوتوخوازەوەو هەرلەم کلاوڕۆژنەشەوە بتوانین هەنگاوێك پەنابەران لە ژیانێکی باشترو ئینسانی تر بەهرەمەندبکەین !

٢٠٠٧ / ٩ / ٢١

بەڵگەنامەی دووەم:

**ئەم بەڵگەنامەیە لە کۆنفرانسی ٩ هاوپشتی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی ئیرانی و فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی دەنگی پێدرا ، لەبەر گرنگی ئەم بریار نامەیە بەهەندێك دەسکاری یەوە خرایەوە بەردەم کۆنگرەی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی و دەدەنگی پێدرا .**

## بریار نامەی مافەکانی پەنابەران
## فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی

ئاوارەی وپەنابەری یەکێکە لەدیاردە بەرچاوەکانی ئەمرۆی نیزامی سەرمایەداری. کەکۆچ وئاوارەی ملیونی بەهۆی میلیتاریزم وتیرۆریزم وراسیزم و نەتەوەپەرستی وفەناتیزمی دینی وقازانج و سودپەرستی، سەرتاپای ئەمرۆی بەشەریتی سەر زەمینی داگرتووە وملیونەها ئینسانی بێ خانەو لانەو بێ بەش لەسەرەتاترین ماف ئینسانی کردووە.، دنیای دوا جەنگی سارد جاریکی تر بەشەرێت کراوەتە قوربانی کێبەرکێ دوو جەمسەری جیهانی تیرۆریستی دەولەتی و غەیرە دەولەتی کە جگە لەکارنامەی جەنگ وپەرەگرتنی کۆنەپەرستی وهاندانی جولانەوەی نەژاد پەرستانە وکاولکاری.. هیچ دیاریەکی تری بۆ بەشەریت پێ نی یە. لەم سەردەمەدا لیبرالیك و ناسیونالیستیك ومەلایەك قسەیان کردۆتە یەك و ناتوانن بەبێ مردنی ملیون ئینسان دریژە بەژیانی سیاسی خۆیان بدەن..

جیهانی شارستانی، مرۆڤایەتی ئازادی خوازو ئینسان دۆست لەدنیادا ئەو هیزەیە بەر بەم بەربەریتە بگرێ.

ئینسانەکان پێش ئەوەی هیچ شوناسنامەیەکی میللی و قەومی وفەرهەنگی یان ببێ ئەندامی کۆمەڵگای ئینسانین. بەلام چینە دەسەتدارەکان بەخۆیان حیزب وبزووتنەوە قەومی وئاینی و میللی یەکان وبەناوی خواو ئالاو سنوور و نەژادەوە، لەهەولا بیپەرودان بۆ بەرگرتن بە ئازادی وخۆشبەختی وخۆشگوزەرانی ئینسانەکان..

هەلبژاردنی ژیانی پەنابەری و ئاوارەیی ولاتان، ئیختیاریکی ئازادانەی ئینسانەکان نەبووە و نییە.

هەربۆیە خەبات و تێکۆشان بۆ دنیایەك کە ماف ئیقامەت ونیشتەجێ بوون وژیانکردن و بەهرەمەندبوون لە بارودۆخێکی ئامن بۆ هەر ئینسانێك کەلەدەست سەرکوت وجەنگ و برسیتی هەلهاتووە، بۆتە خەباتێکی ڕەواو هەقخوازانەو ئەرکی سەر شانی هەر ئینسانێکی ئازادی خوازو ئینسان دۆستە لەسەرتاسەری دنیا.

ئاشکرایە پەلاماردانی ماف پەنابەری و سەندنەوەی ئەم مافانە پێشتکردنە لەهەموو بەها ئینسانی یەکان لەبواری ریزگرتن لەماف ژیان بۆ خەڵکێك کە کراوەتە قوربانی ستەم و سەرکوت، سیاسەتێکی نوێی پەنابەری بەشێکە لەهێرشێکی هەمەلایەنە بۆسەر ئینسان ومافەکانی لە سەرتاسەری ئەوروپا. ئەم دەسەلات و حکومەتانە بەهەر بیانوویەك بێت کەوتوونەتە لێ سەندنەوەی دەستکەوتەکانی چینی کریکاری ئەم وولاتانە و هێرش بۆ سەرمافە مەدەنی یەکان، کەم کردنەوەی خزمەتگوزاری یە کۆمەلایەتی یەکان داسەپاندنی هەلومەرجی کاری سەخت و زەمینە سازکردن بۆ جێ بەجێکردنی بەرنامەی سیاسەتی ئابووری ڕاسترەواکان ولیبرالەکان، لەپالدا سیاسەتی دژی پەنابەریدا دەبەنە پێشەوە و مافەکانی پەنابەران بەرتەسك دەکەنەوە. زیندانی کردن ورەتکردنەوەی داوای پەنابەری تا ڕاگرتنی پەنابەران لە گرتووخانە دەست بەسەرەکان و سوکایەتی کردن بە پەنابەران وداسەپاندنی خراپترین هەلومەرجی ژیان بەسەریاندا.. هەموویان بەخاتری سوود پەرستی ودانانی بەرژەوەندی ئابووری سەرمایەداران کراوەتە بەرنامەی دەولەتان و لەپێش بەها ئینسا نییەکانەوە دانراون.

ئەوەی تائیستا لەئاستی ئەم پەلامارە دژی ئینسانی یە یەك دەست ویەگرتوو ڕێکخراو نییە جولانەوەی ئازادی خوازو ئینسان دۆستی دنیایە. هەربۆیە ئیمە لەپێناو هاتنە مەیدانیی هەرچی فراوانی ئەم بزوتنەوەیەو راوەستانەوەمان بەرامبەر بەم بەربەریتە بانگەوازتان دەکەین تا بەتەواوی تواناماەنوە و لەژێر ئالای ئاسۆیەکی خەباتکارانەدا، هەول وتیکۆشانەکانمان یەکگرتوو ریکخراو بکەین لەئاستی جیهاندا و بۆ تەحقیقی ئەم بەرنامەیەی خۆوارەوە لەمەیداندا راوەستین:

فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەریزی پێشەوەی بەگری لەبەها ئینسانی یەکان و بەرگری لەمافەکانی پەنابەران راوەستاوە، و بۆ دابینکردنی ماف و ئازادی بەرابەری ئینسانی تێدەکۆشێ، ئێمە براوی تەواومان بە ئازادی بێ قەیدو شەرتی هەڵبژاردنی شوێنی ژیان وئازادی سەفەرکردن و هاتووچۆ، و پاراستنی شوێنی ژیان، ئازدی هەڵبژاردنی کار، هەڵگرتنی سنوری دەستکردە بۆ ئینسانەکان و بەهرمەند بوونی هەر کەسیکە لەژیانێکی ئارام و ئاسودە.

داواکارین لەگەڵمان بن بۆ جێ بەجێکردنی ئەم ئەرکانە ن وەك ریگا چارەو بەدیلی ئێمە بۆ چارەسەری کیشەی پەنابەری چاولێ بکەن.

پەنابەر: هەر کەسێك کە لەژێر گوشاری سیاسی وکۆمەلایەتی و ئابووری و پێشێلی مافەکانی ئینسان لە (سەرکوت، جەنگ، پێشێلی مافەکانی ئینسانی، چەوساندنەوە، جنسی، نائارامی هەرەشەی دینی وناسونالستی بۆتەوە لەلایەن هەر رێکخراو گروپی دینی و قەومی و عەشیرەتی دەولەتی و غەیرە دەولەتی بۆتەوە و پەنا بۆ ژیانێکی ئامن و ئارمتر وهانا بۆ وولاتێکی تر دەبات بێ قەیدو شەرت پێویستە ماف نیشەجێ بوون وماف پەنابەری بۆ بەرەسمی بناسرێت.

داواکاری ئینسان یەکان:

١- هیچ دەولەتێك ماف داخستنی سنورەکانی خۆی نی یە بەرووی پەنابەراندا.

٢- هەرکەسێك بەدەلیلی نەژادی، جنسی، دینی، سیاسی کۆمەلایەتی ئابووری لەشۆینی ژیانی خۆیان رووبەرووی ئازار و ئەزیت و توندوتیژی و تەوهین و سوکایەتی دەبیتەوە وەیا رووبەرووی پێشێلکاری ماف مرۆڤ دەبیتەوە لەلایەن دەولەتەکان وە یان گروپە غەیرە دەولەتی یەکان دەبێ ماف پەنابەری پێ بدرێت.

٣ – مندالان کە بەهەر دەلیلێك لەگەل دایك و باوکی خۆیاندا بەتەنها لەوولاتانی خۆیان هەڵدین، دەبێت دەست بەجێ ماف پەنابەریان پێبدرێت. بەهرەمەند کردنی پەنابەران و بەتایبەتی لاوانی خوار ١٨ ساڵ لە ئیمکاناتی ژیان و فیربوون، دەرمان وەرزش و سەرگەرمی ئاسای لەوولاتی پەیوەندی دار نابێت ببەستریتەوە بە قبول کردنی ماف پەنابەرییەوە.

٤ – ژنانێك کە لەوولاتی خۆیاندا بەپشتیوانی یاسای ڕەسمی، سونەت داب ونەریتی دواکەوتووانەو کۆنەپەرستانە یان بەهۆی توند تیژی داروەستەو گروپەدژی ژنەوە رووبەرووی خشوونەت ئازاری فیزیکی ،روحی فەرهەنگی ناموس پەرستی دەبنەوە،دەبێ ماف پەنابەریان بۆ بەرەسمیت بناسرێت.

٥ – لە وولاتانیك کە ((خزمەتی)) سەربازی تییدا ئیجبارییە و هەلهاتن لیی، روو بەرووی سزای یاسایی ، وەك زیندانی کردن و بێ بەش کردن لە کاری دەولەت دەبیتەوە، ئەوکەسانەی کە مل بە "خزمەتی سەربازی ئیجباری" نادەن و رووەدەکەنە ولاتانی تر دەبی لە مافی پەنابەری بەهرەمەند بن.

٦- کاری پێچەوانە بەیاسای ولاتان، کە خەسلەتی چەوسینەرانەی، دینی و کۆنەپەرستانەیان هەیە و

ئازاردانی ژن و مندال بەرهەمدینی بەسەرپێچی کردن ناژمێردرین. هەڵسورانی سیاسی وفەرهەنگی وسنفی لە سایەی هیچ بارودۆخیکدا نابی وەك تاوان لە قەلەم بدرێت. لە هەموو حالەتەکاندا دەبێت مافی نیونەتەوەیی ئینسان کە لە هەموو وولاتانی ئەورووپای غەربیدا هەیە لە بەرچاو بگیرێت.

٧ – کەسانیك کە ژیانی تایبەتی سیاسی یان لە دەرەوەی وولات، شوینی لە دایك بوونیان پێچەوانەی یاسای ئەو وولاتەیە کە لیوەی هولهاتوە بە هەمان هۆ ئەگەر بگەرێندرێنەوە بۆ وولاتێك کە لیوەی هاتووە مەترسی دەستگیرکردن و زیندان کردنی لە سەر بێت. ئەوە ئەو کەسە دەبێت لە مافی پەنابەری بەهرەمەند کرێ.

٨– تاوانبەرانی شەڕ،سەرانی وولات وکەسانێك کە تاوان وئینسان گوژیان کردوە، تا کاتێك کە لەو وولاتەی کەهەڵهاتوون سزای ئعدام ئەشکەنجە هەبێت، نابێت بۆ ئەو وولاتانە دیپورت بکرێنەوە. بەڵام دەبێت بەمعیاری حقوقی وولاتێك کەئەو سزایانە تیدا لغو کراوەتەوە دادگای بکرێت وسزا بدرێن.

٩ – هەموو ژنان، کچان، مندالانی خوار ١٨ ساڵ کەلەوولاتانی سەرکوتکەرو ئیسلامزاوە هەلهاتوون و روویان لەپەنابەری ولاتانیکیتر کردووە، دەبی مافی پەنابەرێتییان بەڕەسمی بۆبناسری.

١٠ – نەبوونی مەدارك و بەلگە نامە و ناسنامە یا تەنانەت سود وەرگرتن لە بەلگەنامەی دروست کراوی نا یاسایی لەلایەن پەنابەرانەوە تاوان نییەو نابێت کاریگەری خراپی لە سەر بە ریسمیەت ناسینی مافی پەنابەری ئەو هەبێت. بوونی پاسپورت و دەرباز بوونی یاسایی نابێت رێگر بێت لەبەردەم بەدەست هێنانی مافی پەنابەری د .

١١– هەر پەنابەرێك مافی هەیە لە وولاتیکدا کە داوای مافی پەنابەری دەکات، لێکولینەوە لە سەر فایلەکەی بکرێت، دەرباز بوون بە نیو وولاتانی تردا نابێت رێگر بێت لە بەردەم داواکاری مافی پەنابەری و لەو وولاتەدا بێتە پەنابەر هەلبژاردنی شار وشوێنی ژیان مافی ئینسانی هەموو پەنابەرانەو نابێت پێشیل بکرێت.

١٢– هەر پەنابەرێك مافی هەیە کە بەشێوەیەکی یەکسان وعەدلانەترین پروسەی پەنابەری بەهرەمەند بێت. هەر پەنابەرێك دەبێت لە خزمەتگوزاری خوراپی حقوقی بەهەرەمەند بێت ، وەك محامی، وەرگێر، رێنمای لە بارەی پروسەی پەنابەرییەوە، بەهرەمەند بوون لە مافە کۆمەڵایەتی و ریفاهی باو لەکومەڵگا لە چەشنی مافی کارکردن، مافی خوێندن، هەروەها بیمەی بیکاری، بیمەی دەرمانی بەشیکە لە مافە ئاسایەکانی هەر پەنابەرێك.

١٣– هیچ پەنابەرێك بە خاتری پەنابەر بوون یا رووکردنە هەر وولاتیك، بە بێ بەلگە نامە، نابێت دادگاو زیندان بکرێت، ئەگەر پەنابەرێك لە وولاتێکدا کە داوای پەنابەری دەکات، تاوانێك بکات دەبێت فایلەکەی بە پیێ یاساکانی ئەو وولاتە لێکولێنەوەی لە سەر بکرێت.

١٤ – هەموو پەنابەران مافی راکێشانی خیزان و منالیان هەیە.

١٥ – زیندانیانی سیاسی پێشتر و کەسانێك کە ئەشکەنجە دراون، دەبێت وەك پەنابەر وەرگیرن، ئەم کەسانە بەدانی نامەی پشتیوانی لە لایەن رێکخراوەیەك یا حزبێکی سیاسی ئوپوزسیونەوە بەسە بۆئەوەی داوای مافی پەنابەری یان بۆ بە رەسمیەت بناسرێ.

١٦ – ئازادی بەیان کوبونەوە و ریکخراوبوون هەلسورانی سیاسی و کۆمەلایەتی بۆ هەموو پەنابەران دەبێت بە هەمان پێوانەی هاولاتیانی تری ئەو وولاتە بۆپەنابەران بەرەسمی بناسریت. دەولەتەکان بەرپرس لە دابین کردنی ئاسایش بۆ ئەم هەلسوراوانە لە هەر جورە هیرشیکی تروریستی یا راسیستی.

١٧ – هەر جورە تەبلیغاتیکی راسیستی و نەژادپەرستانە بە دەر لە دەولەتی و نا دەولەتی دژ بە پەنابەران دەبێت قەدەغە بکرێت.

١٨ – دابین کردنی ئیمکاناتی پێویست بە شێوەیەکی سیستەماتێك و پلان داریژراو، بە مەبەستی جیکەوتنی هەرچی زووتری پەنابەران لە نیو گومەلگای پەنابەر وەرگردا، وهەروەها بەهرەمەندی پەنابەران لە هەموو مافێکی فەردی و کۆمەڵایەتی وەك هاولاتیەکی ئەو وولاتە دەبێت لە دەستور کاری وولاتانی پەیوەندیدارادا قەرار بدرێت. هیچ پەنابەرێك نابێت بەپیی میلیەت و فەرهەنگ و دین لە ژیر ناوی نسبەیەتی فەرهەنگی دا لە کومەلگاو فەرهەنگی پێشرەو جیا بکرێتەوە. قەدەغە کردنی بە کار هێنانی سیاسەتی نسبیەتی فەرهەنگی نسبەت بە پەنابەران لە کومەلگای پەنابەر وەرگردا.

١٩ – داخستنی دەست بەجێ هەموو بنکەکانی دەستبەسەرکردنی پەنابەران لەئەورووپاو شوێنەکانی تر.

٢٠ – ئاسایش و داوەری کۆمەلایەتی بێ جیاوازی وەك ئەندامی ماڧ یەکسانی کۆمەڵگا.

٢١ – هەموو ئینسانێك ماڧ خۆیەتی لە هەموو پێداویستیەکی کۆمەڵگای ئەمرۆ بەهرەمەند بێت بێ جیاوازی پێداویستی پزیشکی، دەرمان ،ماڧ خوێندن و فیربوونی زمان، بەکارهێنانی بوارەکانی شارەزای خۆی لەکۆمەڵگا بەهرمەند بێت .

٢٢– هەموو کەسێك ئازادە لەهەڵبژاردنی جلو بەرگ پۆشێن ،هەرجۆرە زەخت وفشارێکی رەسمی وەغەیرە رەسمی بۆ جلو بەرگ پۆشین قەدەغەیە.

٢٣ – بوونی مەزهەب یان نەبوونی بێ قەیدو شەرت ئازادە هەر جۆرە فشارێکی ئیجباری فیزیکی لەپێناو قبولکردنی مەزهەب قەدەغەیە، هەڵبژاردنی مەزهەب ئەمری گەورە سالانە ،هەر فشارێك بۆ مندالان و لاوان خوارتەمەن ١٦ ساڵ قەدەغەیە، خوێندنی دەرسی مەزهەبی ممنوعە، کۆمەك کردن بەهەموو دەزگایەکی دینی لەلایەن دەولەتەوە قەدەغەیە لەژیر ناوی فرە فەرهەنگیدا..

٢٤ – ماڧ وەرگرتنەوەی هاولاتی (ستیزن) لەهەر پەنابەرێك لەژیر هەر ناو و ئەنجام دانی تاوانێك قەغەیە بەکارهێنانی یاسا بەشێوەیەکی یەکسان بۆ هاوولاتیان لەکۆمەڵگادا.

٢٥– سەلامەتی و ماڧ ژیان وپاراستنی جەستەی ژیانی تایبەتی کەسەکان لە هەر جۆرە هەرەشەو پێشیلکاریەك نەژاد پەرستانە،قەدەغەکردنی هەر جۆرە تەبلیغاتێکی راسیستی (نەژاد پەرستان ) و جیاکاری نیوان ئینسانەکان بەرامبەر بە پەنابەران.

فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی بڕوای تەواوی بەوە هەیە لەم خەبات بۆ بەسەر ئەنجام گەیاندنی بەندەکانی ئەم بریار نامەیە تەنها نی یە و هاوکات جێ بەجێکردنی تەنها پەنابەرانی کوردو عیراقی لێ بەهرمەند نابێت بەڵکو تەواوی بەندەکانی ئەم بریار نامەیە خواست و داواکاری ئینسانی هەر ئێستای سەرجەم پەنابەرانە لە هەر شوێنێك بن. دلنیاین تەنها نیین خەڵکی ئازادی خوازی و یەکیتی کریکاری و رێکخراوە پەنابەری و ئینسان یەکان تا دەگاتە بەرێکخراوەکانی وەك ماڧ مرۆڤ و لیبوردنی نیودەولەتی دەتوانن پشتیوان وبەرگری و داکۆکی لەم بریار نامەیە بکەن لەپێناو ئایندەیەکی ئینسانی و رێزگرتن لە بەها ئینسان یەکان.

**درێژەی بریارنامەی:** سەبارەت مەسەلەی ئاوارەیی..

**لەلاپەرە – ٨ –** ( مەدەنیەت وئارامی بشکیتەوە.

هاوکات هاوشان لەگەل ریکخراوە مرۆڤ دۆستەکان وخەلکی ئازادی خواز تیدە کۆشیت بۆ جیگیرکردنی مافی پەنابەریتی بۆپەنابەرانی عیراقی و فریاگوزاری خیرا بۆ ئاوارەعیراقیەکان لەولاتانی دراوسێ.

## بریار نامەی :
## دەربارەی نا ئەمنی و نا جێگیری کوردستان ،و ڕەتکردنەوەی سیاسەتی دیپۆرتی پەنابەران بۆ کوردستان لەلایەن وولاتە ئەوروپی یەکانەوە

لەماوەی رابردوودا دەولەتانی ئەوروپا و لە پێشیانەوە دەولەتی بەریتانیا لەژیر ناوەی ئەوەی "کوردستان ئارامەو دەسەلاتیکی دیموکراسی لەئارادایە" سیاسەتی دیپۆرت کردنەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقییان بڕیارداوە. تائیستاش جگەلەوەی ٣ وەجبە لەپەنابەران بەشێوازێکی نامرۆڤانە و لە ڕێگای فرۆکەخانەی سەربازی وبەدەستی بەستراوەوە دیپۆرت کراونەتەوە، هاوکات ئەم سیاسەتە فشاریکی زۆری بۆپەنابەرانی کوردستانی عیراق هیناوە و پەلاماریکی یەکجار نامرۆڤانەی بەدواوەبووە، لەوانە راگرتنی وەلامی کەیسەکان، لەسەر کار دەرکردنی پەنابەران، تا لیگرتنەوەی بەنەفیت و خزمەتگوزاری‌یەکان و لەهەندی جاریشدا حەملەی شەوانە رۆژی بۆسەر پەنابەران و زیندانی کردنی بەدواوەبووە. بەمجۆرەش ئەم سیاسەتە بارودۆخێکی ناهەموارو نامرۆڤانەی بۆ پەنابەران پیکیهناوەو ئەوانی لەدلەراوکی‌یەکی بەردەوامدا راگرتووە. هەموو ئەم سیاسەت و هەنگاوانەش لەکاتیکدا بەریوە دەچن کەجەنگ وتیرۆرو کوشتار لەشارەکانی عیراق دریژەی هەیە وچارەنوسی کوردستانیش هەلواسراو ماوەتەوە.

١– ئەم سیاسەتەی دەولەتانی ئەوروپا بەرامبەر بە پەنابەرانی کوردستان بەئاگاداری دەزگاکانی یوئین لەکاتیکدا دەستی بۆدەبریت، کە خودی دەولەتانە ئەوروپایی ئیمزایان لەڕێکەوتن نامەی جنیف سەبارەت بە داوای مافی پەنابەریتی داوە. کەچی دەزگابەرپرسەکانی یوئین نەك کاردانەوەیەکی کاریگەریان لەراستای دیپۆرتی پەنابەران ولێگرتنەوەی مافەکانی پەنابەران نیشان نەداوە، بگرە زۆرکات شانی خۆیان لە هەڵوێست گرتن خاڵی کردۆتەوە وگەڵێ جاریش ئەم سیاسەتەیان تەبریرکردووە.

٢– بەلام لایەنیکی‌تر لە چونەپیشەوە و داسەپاندنی سیاسەتی دیپۆرت وئاکامەکانی بەسەر پەنابەرانی کوردی عیراقدا، هاوکاری و دەستگرتنی دەولەتانی ئەوروپایی‌یە لەلایەن حکومەتی عیراق و دەسەلاتدارانی کوردستانەوە. حکومەتی عیراق لەسەرو هەموو پرەنسیپیکی ئینسانیەوە، هەموو راستیە تاڵ و ناهەموارەکانی بارودوخی ئیستای عیراق وکوشتارگایەك کە لە ئارادایە ئینکار دەکاو بەخاتری دیموکراسی نیشاندانی"پرۆسەی سیاسی ودەسەلات" لە عیراقدا، بریاری کۆمەککردن بەدەولەتانی ئەورپایی داوە بۆگیرانەوەی پەنابەرانی کوردو عیراقی. هاوکات دەسەلاتداران لەکوردستانیش جگە لەوەی کە ژێربەژێر لەهاوکاری کردنی دەولەتانی ئەوروپادان بۆ دیپۆرتی پەنابەرانی کورد، بەئاشکراش فرۆکەخانەو زانیاری لەسەر پەنابەرانیان خستۆتە ئیختیارەوە.




ئەمە جگەلەوەی کەپەیتاپەیتا باسی کوردستان وەك ناوچەیەکی ئارام وئازاد بەدنیای دەرەوە دەناسینن. لەبەرامبەر ئەم سیاسەتەو ئەم تەبریراتانەدا فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی رادەگەیەنیت کە:

پەنابەرانی کوردو عیراقی قوربانی هەلومەرجی جەنگ وتیرۆرو کوشتاری بەردەوام و لەسەر کار بوونی دەسەلاتی میلیشیای وسەروخەلکین، کە وەك ئاکامیك لە لەئیستراتیژی نەزمی نوی جیهانی و سیاسەتەکانی ئەمریکا لەعیراقدا هاتوتەکایەوە. بارودۆخ لەعیراق وکوشتارگایەك کەلەلایەن ئەمریکاو دەستو پیوەندەکانیانەوە بەسەر خەڵکی عیراقدا داسەپاوە، هیچ جیگایەکی بۆ ئارامی و ژیانکردنی هاولاتیان نەهیشتۆتەوە. ئەمرۆ ئەوەی روودەدات لەعیراق وئەورووداوانەی کە کارەساتە مەرگبارەکانی دینیتە سەرشاشەی تەلەفزیۆنەکان بەسە بۆئەوەی کە نەدیموکراسی نەملف نە ژیانی ئاسایی مانایەکی نیەو هەموو ئیدعایەك بۆگیرانەوەی پەنابەران بەدرۆدەخاتەوە. لەکوردستانیش کەبەروالەت لەچاو شارەکانی عیراقدا ئارام دیتەبەرچاو، بەلام بەهۆی ئەوەی کە کوردستان نەخۆی دەولتێکی بەڕەسمیەت ناسراوی نیودەولەتییەو نەبەشێکە لەدەولەتێکی سەقامگیر، چارەنوسی خەلکەکەی بەهەڵواسراوی و ناجێگر، بەدیار دەسەلاتی دووو حزبی میلیشیای چەکدارەوە ڕاگیراوە. ئەم حیزبانە کە بەدرێژایی ١٦ ساڵی ڕابردوو ماف و ئازادی و موقەدەراتی خەلکی کوردستانیان کەوتوتە دەست و بەزۆری چەك دەسەلاتی خۆیان بەسەر خەلکدا داسەپاندووە، نمونەی دەسەلاتێکی گەندەل و سەرکوتیان بەرامبەر بەخەڵکی کوردستان نیشان داوە. مەترسی هێرشی دەوڵەتانی دراوسێ بۆسەر کوردستان، شەڕی ناوخۆی ئەحزابەکان و پەلاماری چودارانە بۆ هەر لایەنێك کە موخالەفەت بەسیاسەت وهەڵوێستی ئەحزابی دەسەلاتدار بکات، هاندانی کونەپەرستی ویارەمتی کردنی ئیسلام وڕەوتە سیاسییەکانی،ئیغتیال و کوشتنی هەلسوراوانی سیاسی سەرکوتی ئاشکرای ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین، پەلامردانی ڕۆژنامەنوسان و نوسەرو کەسانی ڕۆشنبیر،پەرەسەندنی کوشتنی ژنان و بەردەبارانکردنیان، تا رادەی ئەوەی کەئەم ئەحزابەنانە نەیان توانیوە لەماوەی ١٦ سالی رابردوودا تەنانەت وەلام بەسەرەتایی‌ترین پیداویستیەکانی ژنانی خەلك بدەنەوە، کە ئەویش ئاوکارەبایە. بەدوای رووخانی رژیمی فاشیستی بەعسیشدا، ئەم حیزبانە خەلکی کوردستانیان کردۆتە پاشکوی بارودۆخی ناهەمواری عیراق و بە دیار شەڕو تیرۆرو کوشتار وکێشمەکێشی نێوان دەستەوتاقمی ئیسلامی وبەعسییەوە، ڕایگرتوون . . لەیەك وتەدا کارنامەی ئەم حیزبانەو ناجێگیری کوردستان تائێستا دەیان جار لەبەڵگەنامەکانی ئەمنستی ئەنتەرناسیۆنال و هومان ویچ رایت و تەنانەت لەراپۆرتەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاونەتەوەیەکگرتووەکانەوە عەکس بونەتەوە .. ئەمە ئەو واقعیەتەیە کە لاوانی کوردستانی لە سەرو ئیرادەو خواستی خۆیانەوە ناچار بەهەلهاتن وهەلبژاردنی ژیانی پەنابەریتی کردووە، هەربۆیە فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی رادەگەیەنیت کە:

١ – سیاسەتی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی کوردستان و هەرهێرشێکی دەوڵەتانی ئەوروپایی بۆسەر پەنابەران ئیدانەو مەحکوم دەوکاو بەسیاسەتێکی دژی ئینسانی دەزانی و هاوکات هاوشانی خەلکی ئازادی خوازو موتەمەدنی ئەوروپا بەتەواوی تواناوە تیدەکۆشیت لەپیناو پوچەل کردنەوەی ئەم سیاسەتەو بەدی هینانی مافی پەنابەریتی بۆیان. هەروەها فیدراسیۆن هەموو ئەو ئیدعایانەی کە تەبریری ئەم سیاسەتە دەکات بەدرۆ دەخاتەوە و ئامادەیە لەبەردەم مەرجەعێکی بێلایەنی نیودەولەتیدا ، پیچەوانەکانیان بەبەلگەوە بسەلمینێ.

هەرلەمبارەوە فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی راستەخۆ یووئین بەرامبەر بەرامبەر بەسیاسەتی دیپۆرتی پەنابەرانی کوردستان و مامەلەی نامرۆڤانەی دەولەتانی ئەوروپایی بەیەکیك لە

.... بۆ لاپەرە ١١

## بڕیارنامەی :
## دەربارەی پشتیوانی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لەکۆنگرەی ئازادی عیراق

١- کۆنگرەی ئازادی عیراق وەك ڕێکخراوێکی جەماوەری سیاسی کە لە ڕوانگەی هەویەی ئینسانی وئازادی و خۆشبەختی کۆمەلایەتییەوە بۆ ڕوداوەکانی ئێستای عیراق دەڕوانی و تێدەکۆشیت لەپێناو دەرکێشانی کۆمەڵگای عیراق لە سیناریوی ڕەش و ڕزگاری خەڵکەکەی لە جەنگ وداگیرکارو هەرجۆرە تەقسیماتێکی قەومی و ئاینی،وگیرانەوەی ئاسایش ومەدەنیەت بۆ کۆمەڵگا.

٢- هەروەها ڕێگاچارەیەك کە کۆنگرەی ئازادی عیراق خستویەتیە بەرپێی کۆمەڵگای عیراق کە بریتییەلە کۆتایی هێنانی خێراو بیقەیدوشەرتی ئیحتلال ودەسەلاتی میلیشیای چەکداری ئیسلامی وبەعسی وشەڕی تایەفەگەریان و جێگرتنەوەی دەسەلاتی ئێستا بەحکومەت و دەسەلاتێکی جەماوەری، سکولاری نەقەومی و نەدینی، کەمافی هاولاتیانی یەکسان بۆهەمووان بەڕەسمی بناسینی وتەواوی مافە مەدەنی و فەردەیەکان لەدەستوردا جیگیربکات، تەنها ڕێگا چارەو بەدیلێکی واقعییە کەنەك هەر دەتوانی مەدەنیەت وئارامی بۆ کۆمەڵگای عیراق بگێڕێتەوە، ئەتوانی باروخەکانی ئێستای عیراق بەقازانجی خەڵك بگۆری وڕێگاش بکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی دیاردەی ئاوارەیی وپەنابەریتی کەئێستا ڕوو بەڕووی خەلکی عیراق بۆتەوە.

لەسەر بناغەی ئەم خالانەی سەرەوە فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی خۆی بەپشتیوان و بەیەکێك لەو هێزانە دەزانی کەلەپاڵ کۆنگرەی ئازادی عیراقدا راوەستاون بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی کۆنگرەی ئازادی عیراق کە لە مەنشوری خۆیدا ڕایگەیاندووە. فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی خۆی بە شەریك و هاوخەباتی کۆنگرەی ئازادی دەزانی ولەخەباتێك پشتیوانی ئەکات کە لەماوەی ٢ سالی ڕابردوودا گرتویەتیەبەر. هەروەها فیدراسیۆن بەتەواوی توانیایەوە تیدەکۆشیت هاوشان لەگەل کۆنگرەی ئازادیدا بۆ چارەسەرکردنی ژیانی ئاوارە عیراقی یەکان وپیشکەشکردنی خزمەتگوزاری وفریا کەوتنایان چ لەناخۆی عیراق وچ لە دەرەوەییدا.

## بڕیارنامەی :
## سەبارەت مەسەلەی ئاوارەیی و پەنابەرانی عیراقی و ریگا چارەکانی ئیمە بۆی:

بەپێی ڕاپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان نزیکەی ٥ ملیۆن کەس لەخەلکی عیراق ئاوارەی ولاتانی دەوروبەر و وەك پەنابەر ڕوویان لەولاتانی ئەوروپا و ئەمریکاو ئوستراليا وکەنەداکردووە. ڕیشەو هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە دەگەریتەوە بۆ: ١- کۆمەلگای عیراق لەسالی ١٩٩١ وبەدوای دارمانی بلوکی رۆژهەلات بۆتە مەیدانیك بۆتەسفیەی حساباتی سیاسی هیزە جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆییەیکان. جەنگی یەکەمی کەنداو و بەدوای ئەیشدا دریژەکیشانی گەماوری ئابووری و لەسەر کاربوونی رژیمی فاشیست و ئیستبدای بەعسی و پاشان شەری دووهەمی کەنداو و سەرهەلدانی سیناریۆی رەش لەعیراق.. هەمووئەمانە وەك بەرئەنجامیك لەسیاسەتی نەزمی نوێی جیهانی ئەمریکا و بەهاوکاری دەولەتانی ئەوروپا، دەیان موسەیبەت و چارەنوسیکی ناهەموورایان گیرۆدەی خەلکی عیراق کردووە وبەم هۆیەوە زەمینەوهۆکارەکانی سەرهەلدانی دیاردەی ئاوارەیی و هەلهاتنی خەلکی عیراقی بۆژیانی پەنابەریتی بەرهەم هیناوە.

٢- بەدوای ئەم واقعیەتانەشدا، جەنگی دووەمی کەنداو، ئەمریکاو هاوپەیمانانی لەولاتانی ئەورووپا، تەنها رژیمی بەعسیان نەروخاند، بەلکو کۆمەلگای عیراقیان بەرو ویرانەیەك پاڵپیۆە ناو بە یەکجاری شیرازەی مەدەنیەتی ئەم کۆمەلگایەیان بەسەر یەکدا رووخاندو عیراق بووە مەیدانی جەنگ وکێشمەکێشێکی تیرۆریستی کەتیدا چەندین دەستەوتاقمی کۆنەپەرستی ئیسلامی تیيدا چالاکبوونەوە. لەوەش زیاتر سیاسەتی ئەمریکا عیراقی بەرەو دەسەلات وتەقسیماتیکی قەومی وئاینی ڕاپێچدا و شەری تایەفەگەری کردەیەك واقعیەت و بەیەکجاری سیمای هاولاتی بوون ومەدەنیەتی لەولاتەدا خستە ژیر پرسیارەوە وسەرەنجام ژیانی ئاوارەیی ملیۆنی و هەلهاتن وڕووتێکردن بەرەو ژیانی پەنابەریی بووە دیاردەو گۆشەیەکی رۆژانەو جیانەکراوەی ئەم بارودۆخانە. بەم جۆرە سەرهەڵدانی دیاردەی ئاوارەیی و ڕووهێنانی بەلێشاوی پەنابەریتی لەنیو خەڵکی عیراقدا، بەرهەمی جەنگ و داگیرکارو میلیتاریزمی ئەمریکاو نەزمە نویەیەکەیەتی کەلە چەند ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵگای عیراقی کردۆتە ئامانجی خۆی. ئەمە ئیتر دیاردەیەکی بەتەواوی سیاییەو ئەمریکاو دەولەتانی ڕۆژئاوا لیێی بەرپرسیارن.

٢- لەبەرامبەردا فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی ریگاچارەی خۆی بۆ وەلام دانەوە بەم مەسەلەیە لەم خالانەی خوارەوەدا کورت دەکاتەوە:

٣ - ڕاگرتنی بەلێشاوی دیاردەی ئاوارەیی و پەنابەریتی خەڵکی عیراق بەرلەهەرشتیك بەندە بەکۆتایی هینان بە جەنگ و داگیرکاری ئەمریکاو لەعیراق و هەلوەشاندنەوەی هەموو ئەو دەسەلات ودامەزراوە و دەستوورو یاسایانەوە کە لەژێر سایەی داگیرکاری ئەمریکادا بەسەر خەلکی عیراقدا سەپینرداوە. هاوکات ریگابدری کە خەلکی عیراق لەپرۆسەیەکدا دەولەت وحکومەتێکی سکولاری غەیرە قەومی وغیرە دینی لەسەر بناغەی سەلماندنی مافی هاولاتیانی یەکسان و سەرجەم خواستە سیاسی ومەدەنیەکان دامەزرابیت و تێبکۆشێت کەلانی کەمی ژیان وگوزەرانی دانیشتوان دابینبکات. حالەتێکی ئاوا بناغەی گیرانەوەی هەلومەرجی کۆمەڵگایەکی ئاساییە کەلانی کەمی ژیان و ئەمنەیەت ومەدەنیەت بەپێی یاسا دەگیریتەوە بۆ دانیشتوان وبەمجۆرەش ئیستقرایی سیاسی وکۆمەلایەتی لەنیو هەموو بەشەکانی کۆمەلگادا دابین دەکاو خەلکی ناچار نابیت بە هەلبژاردنی ناچاری ژیانی ئاوارەیی و پەنابەریتی بەوشیوەیەیی ئێستا لەگۆردایە.

١- تائەوکاتەی ئەم ئامانجەی سەرەوە دیتەدی، فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی تیدەگۆشیت بۆ:

*- باشکردنی ژیانی ئاوارە عیراقیەکان و بەهرەمەندبوونیان لەئیمکانات وماف و ئەمنیەتیان لەهەر ولاتێکدا هەن. بۆئەمەش دەبێ نەتەوە یەکگرتووەکان بەرپرسیاریتی ژیانی خەلکی ئاوارەی عیراق لەولاتانی وەك ئەردەن و ئیران و سعودیەو کویەت و تورکیا، بگریتە ئەستۆ و لە داهاتی نەوت مەسرەفی لانی کەمی ژیانیان لە ئەستۆ بگری. هاوکات هەولبدات کەئەم دەولەتانە وەك هاولاتیان چاویان لیبکەن ومافەکانیان بۆ بەڕەسمی بناسێندرێت.

*- بەڕەسمی ناسینی بیقەیدوشەرتی داوای مافی پەنابەرانی عیراقی بۆهەرکەسیك وەك پەنابەرانی سیاسی لەولاتانی ئەوروپا وکارئاسانی بۆکردنیان لەم ولاتانە تا ژیانی ئاسایی دەست پیبکەنەوە.

فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی بەتەواوی تواناوە تیدەکۆشێت هاوشان لەگەڵ هەموو هێزو لایەنە سکولارو ئازادیخوازەکان تا بارودۆخی ئێستای عیراق بەقازانجی گیرانەوەی .

## حکومەتی بەریتانیا چەند پەنابەری کورد دیپۆرت دەکاتەوە
## بەرامبەر بەم سیاسەتە دژی ئینسانی یە دەنگ هەڵبڕن!

بەپێی ئەو هەواڵانەی فیدراسیۆن لە گرتووخانەی دەست بەسەری کۆڵن برۆك لەلایەن پەنابەرانەوە پێگەیشتوە ،دۆینێ کاتژمێر ٥ ئێوارە ژمارەیەك پەنابەری کوردی عیراقی کە تا دواساتەکان لە پەیوەندی تەلەفونی بوون لەگەڵمان، لە لەندەنەوە بەرێگای عەمان بەرو فرۆکەخانەی نیو دەوڵەتی هەولێر دیپۆرت کرانەوە.

ماوەیەکە حکومەتی بەریتانیا دەستیان کردۆتەوە بە دەستگیرکردنی پەنابەرانی کورد لەسەر کار وە یان هێرشی شەوانەداو ڕاپێچی گرتووخانە دەست بەسەرەکان دەکرێن تائێستا ژمارەیەك لە پەنابەرانی کورد لە گرتووخانەکانی (کامسفیلد هاوس ،کۆڵن برۆك ،دۆڤەر..) راگیراوە و بریارە پێچەوانە بەخواستی خۆیان لەمانگی ٩ وە ١٠ دا بەشێوازێکی تر و رێگایەکی تر دیپۆرتی کوردستانیان بکەنەوە ، ژمارەیەك لەو پەنابەرانە تیکتیان پێدراوە کە لەڕێگای عمان بەرەو کوردستان دیپۆرت بکرێنەوە، ئەگەرچی فیدراسیۆن بۆ ژمارەیەك لەو پەنابەرانە لە گرتوخانەی کامسفیلد هاوس پاریزەری بۆ گرتوون تا لە مەترسی گەرانەوە رزگاریان بێت.

ئەم هەنگاوەی حکومەتە تازەکەی گۆڵدن براون لەکاتێکدا بەرێ وەدەچێ کە هیزەکانی لەبەسرە لەحاڵەتی پاشەکشێن وشکستیان هێناو لە بەرێوەبری سیاسەتێك کە لەچەند ساڵی رابردووا بەگرێ دانەوە بە سیاسەتەکانی ئەمریکا لەژێر ناوی رزگار کردنی عیراقدا گرتیانە بەر،ئێستاش لەگەڵ سەرهەڵدان و قوڵبوون وجەنگ و کوشتاری خەڵکی مەدەنی عیراق و نەمانی هیچ جۆر ئاستێك لە ئەمنیت و سەلامەتی گیانی و ژیانی خەڵك وبلاّوبوونەوەی نەخۆشی کوشندە.. حکومەتی بەریتانیا جارێکی تر سوربوونی خۆی لەگێرانەوەی پەنابەرانی عیراقی رادەگەیەنێت.

بریاری رەوانەکردنەوەی پەنابەران بۆ کوردستان لەژێر ئیدعای ئامن بووندا کە چەند ساڵێکە بەشێك لە حکومەتە ئەوروپیەکان پەیرەوی لێ دەکەن، جگە لەوەی ئیدعایەکی پوچ وبێ بناغەیە، هەرئێستا تۆب بارانی کردنی ناوچەکانی کوردستان لەلایەن جمهوری ئیسلامی ئیران و هەرەشەی تورکیا و دەخالەتیان لەکوردستان، تاوانە تیرۆریستیەکانیان بەلاّو موسیبەتی گەورەی کردۆتە نسیبی خەڵکی کوردستان، هەروەها ڕاگرتنی ژیانی ٤ ملیون ئینسانی لە چاوەروانی هەڵواسراوی یەك واقعیتی حاشا هەڵنەگرە و تەواوی ئەو ئیدعایانە لەسەر کوردستان و ئەمنیتی خەڵکی کوردستان دەکرێت بەدرۆ دەخاتەوە.

پەنابەرانی کورد لەدەرەوە پەنابەری سیاسین و بەرئەنجامی هەڵومەرجی نالەبارو نائینسانی کەخودی ئەمریکاو بەریتانیا بەشێکن لەخولقاندنی ناچار کراون ژیانی پەنابەری هەڵبژیرن لەسەریانە ئاکامەکانی قبوڵ بکەن، هاوکات بەوپەڕی تواناوە پێویستە بەر بەناردنەوەی بەزۆری پەنابەران بگیرێت.

### پەنابەران، ئازادی خوازان لەسەرتاسەری وولاتە ئەوروپی یەکان!

هەڵومەرجێکی ترسناك بەرۆکی بە پەنابەران گرتووە پێویستە بە تەواوی تواناوە رووبەرووی ئەم سیاسەتە دژی ئینسانی یە بینەوە کە پێچەوانەیە بە هەموو یاساکانی نیو دەوڵەتی لەبارەی ماف پەنابەرانەوە حکومەتی بەریتانیاو بەشێکی تر لە وولاتە ئەوروپیەکان لە بەرامبەر پەنابەران دەیگرنە بەر، وەرن لەگەڵ فیدراسیۆن ئەم هەرەشانە لەسەر ژیانی پەنابەران کەم کەنەوە ،وەرن بەریزی یەکگرتومان ئاکامو مەترسی کانی دیپۆرتکردنەوە بەرپێ بگرین بەریزەکانی فیدراسیۆنەوە پەیوەست بن .

هاوکات داوا لەتەواوی ڕێکخراوە پەنابەری و ئینسانی ولایەن وکەسایتی ئازادخواز دەکەین دژ بەم سیاسەتە دژی ئینسانی یە ڕابوەستن نامەی نارەزایەتی ئاراستەی حکومەتی بەریتانیا بکەن ، داوای ئازادکردنی پەنابەرە گیراوەکان وبەڕەسمێت ناسینی ماف پەنابەری وماف نیشتەجێ بوون بکەن بۆ پەنابەران ودەنگتان بخەنە پاڵ دەنگمان.

◈◈◈◈◈◈◈◈◈◈◈◈◈◈◈

### بانگەوازێ بۆ رێکخراوە پەنابەری ،نیهادەکانی داکۆکی لەمافەکانی ئینسان ،حزبو لایەنەکان پشتیوانی لە پەنابەران بکەن!

وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا جارێکی تر کەوتۆتە گرتنو راونانی پەنابەرانی کوردی عیراقی و ژمارەیەکی زۆر پەنابەرانی کورد لەم ماوەیەدا دەستگیر کراون و راپێچی گرتووخانە دەست بەسەرەکان کراون و ژمارەیەك لەو پەنابەرانە وەزعیتی نەفسی وباری دەروونی وتەنانەت نەخۆش کەوتوون ،ئەمە سەرباری ئەوەی کەیسی پەنابەران لەبێ وەڵامی ڕاگیراوەو چاوپیا خشانەوەش بەکەیسەکانیان لە دادگادا بێ لێکولینەوە ڕەفز دەکرێتەوە، تەواوی خزمەت گوزاریەکان لەپەنابەران براوە نە ماف کارکردن نەماف خانووبەرو سوسیال هەمووی کراوەتە بەهایەك بۆ ناچارکردنی پەنابەران بەهەڵبژاردنی گەرانەوە، لەگەڵ ئەم هەموو موسیبەتو بەدبەختیەی پەنابەران ناچار بوون بەهۆی ترس لەگرتن شوێنی و ژیانی خۆیان جێبهێڵن، زیاتر لەمانە حکومەتی بەریتانیا ئەم جار بە شێوازێکی نوێ دیپۆرتی پەنابەرانی هەڵبژاردوە ئەویش لەڕێگای عەمانەوە پەنابەران رەوانەی فرۆکەخانەی نیو دەوڵەتی هەولێر دەکاتەوە.

بەرێزان:

پەنابەرانی کوردی عیراقی پێویستیان بە هاوکاری و پشتیوانی هەموو لایەکە بەهەر شێوەیەك بۆتان دەکرێت نارەزایەتێکانی خۆتان ئاراستەی بالۆیزخانەکانی بەریتانیا بکەن لە وولاتەکان داوا کاری:

دەست بەجێ ئازادکردنی پەنابەرانی کورد لە گرتووخانە دەست بەسەرەکان هەڵوەشاندنەوەی سیاسەتی دیپۆرتکردنەوەی بەزۆری پەنابەران ولابردنی هەموو زەخت زۆرێك لەسەر یان.

٣-بەرەسمیت ناسینی ماف پەنابەری بە پەنابەران پشتیوانی بکەن لەکەمپینی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی کە لەپێناو مافو حورمەتی ئینسانی پەنابەران گرتۆتیّ بەر ، هاوکات بە هەر رێگایەك پێتان دەکرێت نارەزایەتی وفشاری خۆتان ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن وداوا بکەن بەهیچ شێوەیەك هاوکاری ئەم حکومەتانە نەکەن بۆ ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی کوردو فرۆکەخانەکان نەخەنەخزمەت گێرانەوەی بەزۆری پەنابەران .

بەهاوپشتیو نارەزایەتی دەربرینتان مۆری خاوەن هەڵویست بوونی خۆتان بدەن لەهاوکاری پەنابەران لەسەر خواستی نۆینەرانی پەنابەران لە گرتووخانەکاندا ناوەکانیان رادەگەیەنیین کەلە چەند گرتووخانەی جیادا دەست بەسەرو زیندان و بەشێکیان تیکتیان پێدراوە تا کۆتای ئەم مانگە دیپۆرتی کوردستان بکرێنەوە:

گرتووخانەی کامسفیلد هاوس:

محمد عبدول رەحمان ، ڕزگار کریم تۆفیق ، هیوا سابیر قادر ، چالاك زەینەڵ ، دانا غەریب محمود ، دلێر عیزەدین ئەحمەد ، محمد عبدولا رەشید ، هیوا محمود ، کاروان سەلیم عەلی ،

ژمارە فاکسی ئەم گرتووخانەیە بۆ ناردنی نامەی نارەزایەتی:٠٠٤٤١٨٦٥٢٣٣٧٢٣

ناوی ئەو پەنابەرانەی لەگرتووخانەی کۆڵن برۆك راگیراون: .... بۆ لاپەرە - ١١-

## با ، نازەی ئاقای لە مەترسی دیپۆرتکردنەوە ڕزگار بکەین !

نازەی ئاقای پەنابەری سیاسی خەڵکی ناوچەی سەردەشت لە بەهاری ٢٠٠٥ دا لە فنلاند داوای ماڤ پەنابەری کردوە، بەلام پاش شەش مانگ یەکەم جار وەلامی ڕەفزی بۆ دێتەوە. دواتر پاش نارەزایەتی دەبرین و ڕەدانەوەی دەلیلەکانی ئیدارەی خارجیان، پاش چەند مانگێک دووبارە جارێکیتر وەلامی ڕەفزی بۆدێتەوە. .....بەلام سەرئەنجام ئیدارەی خارجیان لەبەرواری٢٤ /٨ / ٢٠٠٧ بڕیاری دیپۆرت کردنەوەی نازەیان دەرکردو لەئێستەدا ناوبراو لەبەر مەرترسی دەسگیرکردن ودیپۆرت کردنەوەی بۆ ئێران، ناچار بووە بەوەی کە بەنهێنی ژیان بەسەربەرێت. ئەوەی جێگەی سەرنج و تیارامانە لەبریاری ئیدارەی خارجیاندا هاتووە کە ئێران ولاتێکی ئامنەو هەروەها ئاماژە بەوەش کراوە کە ناز هەڵسوراوێکی سیاسی ناسراو نیە تا هیچ مەرترسیەك هەرەشەی لێبکات.... بۆیە دەکرێت کێشەکانی لە ڕێگەی "قانوونی ئەساسی" یەوە چارەسەربکرێت.

لەم سالانەی دوایدا دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بۆ هەر وولاتێکی جیهان لەلایەن وولاتانی ئەورپیەوە بەرلە هەرشتێك لەگەروی بە ئاسایش لەقەڵەمدانی ئەو وولاتەدایە کە دەیانەوێت پەنابەرانی بۆ دیپۆرتبکەنەوە. هەربۆیە لەمبارەوە ئیدارەی خارجیانی فنلاندیش شتێکی زیاتری نەووتووە جیاواز لەدووپاتکردنەوەی هەمان قەوانی سواو. ڕووقایمیەکەی ئیدارەی ناوبراو لەوەدایە کە بە وولاتاتێکی وەك " باکوری عیراق " و ئیرانیش هەر بە وولاتی ئەمن وولاتی یاساو ڕیسا ناوزەددەکەن و چاونووقانیان لە شەپۆلی عدامەکانی ڕۆژانەی ژێر دەسەلاتی حکومەتی فاشیستی جمهوری ئیسلامی ئێران بەلاوە دەبێتە کردەوەیەکی ئاسای وتازە ادعای ئەوەش دەکەن کە کێشەو گیروگرفتی نازەکان دەکرێت لەڕێگەی "قانوونی ئەساسی" یەوە چارەسەربکرێت، واتە هەمان ئەو قانوون ئەساسیەی کە لەسایەیدا چارەکە سەدەیەکە زیاتر لە١٥٠ هەزار ئینسانی پێ لەسێدارە دراوە، هەمان ئەو قانوونی ئەساسیەی کە سەنگسارو بەردبارانی سەدان ژن وبێ بەشکردنی نیوەی کۆمەڵگای ئێران لەسەرتایترین ماف وئازادیەکانیان ڕەسمیەت پیداوە. کەواتە بڕیاردان لەسەر دیپۆرتکردنەوەی کەسێکی وەك نازەی ئاقای لەچوارچێوەی بەرژەوندیە سیاسی وئابوریەکانی حکومەتی فنلاندا مەسەلەیەکی هەستپێکراو ڕۆشنەو دەبێت

## زیندانی ڕاگرتنی پەنابەران



خەلکی ئێران و بەتایبەت ژنان بەر لەهەر کەس ولایەنێك باجەکەی بدەن. لەکاتیکدا کە هەقیقەت ئەوەیە تەنیا ژن بوون وهەڵهاتنی ژنان لە جەهنەمی جمهوری ئیسلامی ئێران گەورەترین بەلگەنامەیە بۆبەڕەسمیەت ناسینی ماڤ پەنابەری.
بۆیە فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە فنلاند بانگەوازی هەموو حزب و ڕێکخراوە چەپ وئینسان دۆست و پەنابەریەکان و هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز دەکات کەنارەزایەتی خۆتان دژ بەو بریار نائینسانیەی ئیدارەی خارجیانی حکومەتی فنلاند دەربڕن و نازەی ئاقای لەمەترسی دیپۆرتکردنەوە ڕزگاربکەن وخوازیاری هەڵوەشانەوەی دەست بەجێ ئەو بریارەو هەرجۆرە دیپۆرتێکی پەنابەران بن.

فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی – فنلاند
٣ / ٩ / ٢٠٠٧

بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفونەوە بکەن ( ٠٤٤٠٤٦٤٩٠٥ )

## خۆپیشاندانێکی سەرکەوتوو بۆ پشتگری لە نازەی ئاقای ئەنجامدرا !

ڕۆژی شەممەرێکەوتی٢٠٠٧/٩/٨خۆپیشاندانێکی فراوان لەئێستگەی قەتاری (کەپێلا)وە بەرەو زیندانی*(säilöönottokeskukseen) ئەنجامدرا کە زیاتر لە ١٨٠ کەس تیدا بەشداریکرد، کە ئەم خۆپیشاندانە لەلایەن ڕێکخراوەی جموجۆلی ئازادی وفیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە فنلاند ڕێکخرا بەمەبەستی ریگرتن لە دیپۆرتکردنەوەی ( نازەی ئاقای و هەروەها نارەزایەتی دەبرین دژ بە زیندانی کردنی پەنابەران . سەرەتا لەم خۆپیشانەدا چوار نوێنەر لەبەشی یەکەمی بەرنامەکەدا قسەوباسیانکرد کە بەم شێوەبوو Katja Tuominen) سکرتیری ڕیکخراوی جولانەوەی ئازاد،Anni Sinnemäki ئەندام پەرلەمانی سەر بە لیستی حزبی سەوز، ڕێبوار عارف سکرتێری فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەفنلاند هەروەها ئەندامی پەرلەمانی سەربە حزبی یەکیەتی چەپ Sirnö Minnaپاشان چەندین پارچە مۆسیقا و گۆرانی پێشکەش کراو لەدرێژەی بەرنامەکاندا چەندین کەسایەتی ناسراوی حزب و ڕێکخراوە جەماوەریەکانی فنلاند چالاکانە بەشداریانکردو قسەوباسیانکرد، لەوانە Nazmi Basalak ئەندامی شارەوانی هێلسنکی، (ڕەزا کەمانگەر بەرپرسی تەشیلاتی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری حیکمەتست لەفنلاند، Yrjö Hakanen سکرتێری حزبی کۆمۆنیستی فنلاند، Birgitta Kärkkäinen ئەندامی رابەری یەکیەتی ژنانی فنلاند، سکرتێری یەکیەتی لاوان و خوێندکارانی حزبی سەوز Tapio Laakso هەروەها نوینەری کۆمەڵە جەعفر مستەفاسولتان، سکرتێری لاوانی چەپ Sampo Villanen. هەروەها وەزیری کۆچ لەپەیوەند بە مەسەلەی نازەی ئاقایەوە پەیامیکی نارد بۆ خۆپیشاندانەکە و دوویاتی ئەوەی کردوە کە کەیسی نازەی ئاقای پێویستی بە چاوپیاخشاندنەوەیە. هەروەها نازەی ئاقایی بۆ خۆشی لەم خۆپیشاندانە بەشداری کردو چەند ووشەیەکی بەخێرهاتنی ئاراستەی بەشداربووانی خۆپیشاندانەکەکردو سوپاس و ستایشی هەموو لایەکی کرد بۆ پشتگری کردنیان لەکیشەی پەنابەران وهاوپشتی کردنیان سەبارەت بە بریاری گەرانەوەی .... شایەنی باسە چەندین دەزگای راگەیاندن لە خۆپیشاندانەکەدا بەشداریان کردو راپۆرتیان لەبارەی خۆپیشاندانەکەوە دابین کردو هەروەها رادیو فنلاندن و رادیو هێلسنکی و بلاوکراوەی پشتگری ئاشتی چاوپیکەوتنیان لەگەل ڕێبوار عارف لەئەنجامدا سەبارەت بە کێشەی دیپۆرتکردنەوەی نازەی ئاقای وکیشەی پەنابەران لە فنلاندا هەروەها بارودۆخی سیاسی عیراق و کوردستان ..... پاشان دەیان کەس لە خۆپیشان دەران چوونە نزیك دیواری تەلبەندی زیندانیەکەو لە نزیکەوە قسەوباسیان لەگەل پەنابەرانی زیندانیدا کردو هاوپشتی خۆیان دەربری .

* säilöönottokeskukseen بریتیەلە ناوەندی ڕاگرتنی پەنابەرانی زیندانکراو کە تائیستە ٤٠ پەنابەروکۆچکردوی تیدا زیندانکراون. شایەنی باسەکەبەشداربووانی ئەم خۆپیشاندانە بەلێنیاندا کەدرێژە بەچالاکیەکانی خۆیان بدەن بەمەبەستی هەڵسپاردنی بریاری دیپۆرتی نازەی ئاقای بۆ ئیران وئازادکردنی پەنابەران لە زیندان و بەهەرمەند کردنیان لەماڤ پەنابەری وماڤ مانەوە لە فنلاندا !

فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەفنلاند
10 .9.2007

## بۆ کۆنگرەی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

هاورێی خۆشەویست دەشتی جەمال
هاورێیانی خۆشەویست رابەران و هەڵسوڕاوانی فیدراسیون و بزوتنەوەی پەنابەران
نوێنەران و ئامادەبوانی بەڕێز

بەناوی خۆم و مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقەوە گەرمترین پیرۆزبایتان ئاراستە دەکەم سەبارەت بە بەستنی کۆنگرەکەتان و هیوای کۆنگرەیەکی سەرکەوتوتان بۆ دەخوازم.

ئێوەی خۆشەویست لەکاتێکدا کۆنگرەی فیدراسیون رێک دەخەن، کە بزوتنەوەکەمان بزوتنەوەی پەنابەران بە قۆناغێکی هەستیارو دژواردا تێپەڕدەبێت. زەخت و زۆری حکومەتە دەست راستەکانی ئەوروپاو رۆژئاوا لەسەر پەنابەران و زەوتکردنی مافە مەدەنی و فەردیی و ئینسانیەکانیان لەلایەک و هەلومەرجی سەخت و دژواری سیاسی و ئەمنی عیراق و کوردستان لە لایەکی دیکەوە، هێندەی تر ئیمە دەخاتە بەردەم لێپرسراویەتێکی بالاترەوە.

کۆنگرەکەتان، جێگای ئومێد و چاوەڕوانی دەیان هەزار پەنابەری قبول نەبووی وولاتانی ئەوروپایە. بریارو راسپاردەکانی ئێوە بۆ چارەسەرو وەلام دانەوە بە یەکێك لە گەورەترین کێشەکانی دنیای هاوچەرخی ئێمە، کۆنگرکەمان دەکاتە سەرچاوەیەکی گرنگ و بەرزی دەخالەتی داهاتومان بۆ وەلام دانەوە بە گرێ گۆلەکانی بەردەم بزوتنەوەکەمان.بزوتنەوەیەك کە مەنصوری حیکمەت چوارچێوەی گشتی رێکخراوەیی و ئاسۆ سیاسیەکانی بۆ نەخشاندوە. کۆنگرکەمان پێویستە بۆ دانەدانەی کۆسپەکانی بەردەمی بزوتنەوەکەمان رێگا چارەی گونجاو دابنێت ، لەباری رێکخراوەییەوە خۆی توندو تۆل بکات و لقە جیاوازەکانی لە هەیکەلەی ریکخراوەیەکی فراوان و گەورەدا لێك هەلپێکێت و نەخشەی رابەریکردنی بۆ دابرێژێت. مەوازین و بریارە نیوخۆییەکانی خۆی لە چوارچێوەی پرنسیپە رێکخراوەییەکانی خۆیدا بریار بدات و ئاسۆی سیاسی و عەمەلی کارەکانی داهاتووی تا کۆنگرەیەکی دیکە بەشێوەیەکی رۆشن دیاری بکات. بەبڕوای من لەئێستاوە تاکۆنگرەی داهاتوو ئاسۆی ئێمە پێویستە لە گۆرینی فیدراسیون بۆ رێکخراوەیەکی جیهانی گەورە کە خاوەنی دەیان هەزار ئەندام و چەندین لقی بەهێزە و مەرجەعێکی سەرەکیە لە چارەسەری کێشەکانی پەنابەران بە شەخسیەتی ناسراوی ئەوروپی و جیهانی و مەحەللی یەوە، خۆی دەبینێتەوە. ئەم ئەرك و هیوایە بە رابەری چالاك و هەڵسوڕاو خاوەن ئاسۆی رۆشن دەکرێت. تەوەقع لە ئێوە لەوە کەمتر نیە. تەوەقعیك کە دەشتی و هاورێیانی دیکەی هەڵسوڕاو رابەر لەفیدراسیون وەك رابەری بزوتنەوەیەکی عەزیمی ئینسانی و بەشێك لە بزوتنەوەی موتەمەدنی جیهانی هاوچەرخەی ئێمە لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانی پەنابەران و گشت مافە ئینسانیەکانی دیکەدا بۆ خەڵکی عێراق و کوردستان و سەرجەم بزوتنەوەی ئازادیخوازی دنیا دەرکەوتوین و جێگای ئیفتخاری هەموو ئینسانێکی ئازادیخوازن.

لەکۆتاییدا دەستی هەمووتان بەگەرمی دەگوشم و دووبارە پیرۆزبایتان لێدەکەم و هیوای کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو دەخوازم بۆتان.

سامان کەریم
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
٢٠٠٧/٨/٢٢

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

### درێژەی ... بریارنامەی دەربارەی نا ئەمنی و نا جێگیری کوردستان ..... لە لاپەرە – ٧ –

لە لایەنە بەرپرسەکان دەزانی و بەتەواوی تواناوە تێدەکۆشیت تا دەزگاکانە یو ئێن لەئاستیکی فراواندا بخاتە ژێر فشارەوە و واداری بکات بەدەخالەتی کاریگەر لەراستای راگرتنی سیاسەتی دیپۆرتی پەنابەرانی کوردستان و سەلماندنی مافی پەنابەرایتی بۆیان.

لەهەمان کاتدا فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی، هەر جۆرە هاوکارییەکی حکومەتی عیراقی و دەسەلاتدارانی کوردستان بە دەولەتانی ئەوروپا بەمەبەستی رێگا خۆشکردن بۆ دیپۆرت کردنەوەی پەنابەرانی کوردستان، مەحکوم دەکاو بەسیاسەتێکی دژی خەلکی دەیانسێنی وتێدەکۆشی رای گشتی خەلکی کوردستان ودنیا لەم هەلۆیستە ئاگادار بکاتەوە.

### درێژەی بانگەوازێ بۆ رێکخراوە پەنابەری....

ئالان و ریباز کە رۆژی ٥-٩ دیپۆرتی کوردستان کرانەوە لەریگای عەمانەوە :
بایز عبدولا، هیرمان کامل عبدولا، حەمید مەجید عبدولا، عبدولا شەریف، ئۆمید نەجمەدین، شیروان عەلی، کاروان عبدولا، هێمن فەتاح ، ئەردەلان سالح ، ناسر شەوکەت ، ئارام عمر ، محمد شیرکۆ ، دلشاد بەکر ، تەها سەروەر ، بیستون عەلی، مەحمەد سەعید، سەباح عبدولا، رەحمان قاسم .

ژمارە فاکسی ئەم گرتووخانەیە بۆ ناردنی نامەی نارەزایەتی:٠٠٤٤٢٠٨٧٥٩٧٩٩٦

گرتووخانەی دەستبەسەری دۆن کاسەر:
١-هۆشەن مستەفا ، ٢- کارزان قادر

گرتووخانەی دەستبەسەری ئۆکتن:
عەلی ئەحمەد ، هێمن حەسەن ئەحمەد ، ئاری سالح سەعید، محمد سەعید ، غولام موید، شاخەوان محمد تاهیر، محمد ئەحمەد دەربان.

گرتووخانەی پۆرتسمۆس:
١- گۆران فایق سدیق

**دەتوانن بەم ناونیشانانە پەیوەندی بکەن بە سکرتاریەتی فیدراسیونەوە**

دەشتی جەمال:d.jamal@ntlworl.com
ژمارە تەلەفون : 00447856032991
ئەدرەسی پۆستی:
IFIR:PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK
ئاسۆ گۆران :
asobalabarz116@hotmail.com
سۆزان حسین: irakcom@hotmail.com
جاسم غفور: Jasm_rg@yahoo.co.uk
بابان عسمان: badasoz74@hotmail.com
رێبوار عارف : fediraq@welho.com
ژمارە تەلەفون : 00358440464905
عمرئەمین : omaramin8@hotmail.com
ژمارەی تەلەفون: 004799387599
جەمال کوشش: jamal-hasan@hotmail.com

**بلاوکراوەی ئاسۆی پەنابەران بخوێنەوەو بگەیەنن بە دۆستان و هاورێ یانی خۆتان**
**لەرێگەی کۆمەکی ماڵی فیدراسیونەوە بەشداری داکۆکی کردن لەمافەکانی پەنابەران بکەن**
**ببنە ئەندام و هەڵسوڕاوی فیدراسیون و کاربکەن بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی پەنابەران**

# ڕاوەستانەوە دژ بە ڕاسیزم و نەژادپەرستی کاری بەرەی ئێمەیە !

ڕێبوار عارف

ئەگەر قەیرانی بێکاری کۆتای دەهەی هەفتاکان و سەرەتای دەهەی هەشتاکان لە ووڵاتانی ئەوروپادا سەرەتای سەرهەڵدانەوەی سەرلەنوێی ڕاسیزم و نژادپەرستی بوو، ئەوا ئێتر ئەم ساڵانەی دوای هاتنەمەیدان ومانۆرلێدانی فراوان بوونەوەی ئەم بزوتنەوەیە بەئاستێك گەشت كە هۆڵی پەرلەمان و ناوەندی حزبە زلهێزو باڵادەستەکانیش بتەنێتەوە. ئیتر چیدی ڕاسیزم ونژاد پەرستی بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی لاوازو پەراوێزنیەو تەنیا ئەو دیاریدەیە نیە کە لە ناوەندی کارو سەر شەقام و شوێنە گشتیەکان نمایشی سیماو تواناییەکانی خۆی بدات ، بەڵکو هەقیقەت ئەوەیە کە ئەم بزوتنەوەیە پەلیکێشاوەتەوە نێو پەرلەمان و دەسەلات و زۆرێك لەحزبە زلهێزو باڵادەستەکان پشت بەستووە بەبوونی ئەم بزوتنەوەیە بەرنامەو سیاسەت و ئامانجەکانی خۆیان بنیاد دەنێنن و خۆیان بۆ هەڵبژاردنە دەورەیەکانی ئەم وولاتانە ئامادە دەکەن. لەمبارەوە حزبی خەڵکی سویسرا یەکێك لەو حزبە بەهێزانەیە کە دەکرێت وەك نموونەیەکی بەرچاو وئاوڕی لێبدرێتەوەو جێگەی خۆیەتی لێرەدا هەڵوێستەیەکیان لەسەر بکەین ! مانگی ئاییندە هەڵبژاردنەکانی سویسرا دەست پێ دەکات. حزبی خەڵکی سویسرا وەك گەورەترین حزبی سیاسی کە لە کۆی ٢٠٠ کورسی پەرلەمان ٥٥ کورسی هەیە، کە لەم ساڵانەی داویدا لە هەول و تەقەلایەکی زۆردابووە بۆ بەدەنگ گەیاندنی زنجیرەیەك یاسای دژی خارجی وهاوکات ئەم سالیش لەسەروبەری خۆ ئامادەکردنیدا بۆ هەڵبژاردن کەمپەینێکی فراوانی دژ بەخارجیان بەرپاکردوە کە گۆشەیەك لەم سیاسەتە ڕاسیستیەی لە چاپکردنی پۆستەرێکدا خۆ دەنووێنێت کە تیدا وێنەی سێ بەرخی سپی و بەرخێکی ڕەش لەسەر ئالای سویسرا کێشاوە، یەکێك لە بەرخە سپیەکان لەقەیەکی لە بەرخە ڕەشەکە داوەو کردویتە دەرەوەی خەتی ئالاکەوەو لەتەنیشتیدا نووسراوە " لەبەرخاتری ئەمنیەتی سویسرا ". ئامالیکی پانیدس دەبیری ئەم حزبە




دەڵێت ئێمە بە کەسێك کە کارێکی خراپ بکات پێ دەڵێن بەرخی ڕەش هەربۆیە پۆستکارتە تەبلیخاتیەکەشمان بەوشێوە تەرح کردوە.
شایەنی ئاماژەپێکردنە حزبی خەڵکی سویسرا لە ئێستەدا سەرگەمی ئەوەیە کە سەد هەزار ئیمزا کۆبکاتەوە بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندومێك لەسەر یاسای پێشنیاریکراوی خۆی. ئەم حزبە ئێستە لە هەوڵی ئەوەدایە ئەو لایحەی کە هەیەتی بکریتە سیاسەتی ڕەسمی حکومەت وکاری پێبکرێت . جێگەی سەرنجە لە بەندێکی ئەم لایحەدا ئاماژە بەوە کراوە کە هەر خارجیەك تاوانێك ئەنجام بدات هەموو خێزانەکەی لەو وولاتە دەرکرێت .
دەمێك ساڵە هاوشێوەکانی حزبی گەلی سویسرا لە ئەلمان وسوید و فەرنسا ... هاواردەکەن ئەڵمان بۆ ئەڵمانیەکان، سوید بۆ سویدیەکان ، فەرنسا بۆ فەرنسیەکان... ئەمە یەکێك لە ناسراوترین شیعارەکانی ڕاسیستەکانی ئەورووپایە. بەلام بیهێنە بەرچاوی خۆتان ئەگەر بیت و لایحەی ئەم حزبە نژادپەرست و ڕاسیستە دەنگ بهێنێتەوەو کاری پێبکرێت ، ئاخۆ چەند هەزاران خێزانی پەنابەرو کۆچکردو دەبێت بە تاوانی ئەوەی کە یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەیان کارێکی نایاسای کردبێت لەو وولاتە وەدەرنرێت. لەوەگەڕێین ئەگەر تاوانی هاولاتیەکی سویسری چەند بەرامبەر بە تاوانیکی من وتۆی " خاریجی " گەورەتریش ئەوا تۆی سویسری نژاد پارێزراویت و هەڕەشەی وەدەرنان مەترسی بۆ ژیانت نی یە ! ئاخر ئەو لە شانس و شانازی سویسری بوون بەهرمەند بووە ، ئەو خوێنی پاکەو لەدایك بووی سویسری ونژادی پاکی ئەورووپیە. تۆبلێ ی ئیتر سویسرای مێزبانی" ئاشتی ودستایەتی" ئاخۆ بەچ خێراییەکی چاوەڕوان نەکراو دەبێتە خالی هەستانەوەی دەسەلاتی فاشیزم ونژادپەرستی لە وولاتانی ئەورووپادا ؟
دەبێت پەیامی حزبی خەڵکی سویسرا بەجدی وەرگرین و بە ووشیاریەکی تەواوەوە مامەڵە لەگەل سنووری مەترسیەکانی ئەم بزوتنەوەیەدا بکەین.

ئەمڕۆ ئیتر کەم وولاتی ئەورووپی هەیە کەپێیەکی دەسەلاتداریەتی لەسەرشانی ڕاسیزم و نژادپەرستی نەبێت. ئاخر کاتێك کە چەند مانگێك لەمەوبەر فلادیمیر بۆتین سەرۆك کۆماری ڕووسیا قەیرانی بێکاری گوشاری بۆدێنێت ، بەهەمان شێوە شاکاری نەژداپەرستانەی پرۆژەی سازدانەوەی کاری بۆ هاولاتیانی ڕووسی دابین دەکات.
کە دەستوور بە دەرکردنی زیاتر لە ١٠٠ هەزار کریکارو کۆچکردوی خارجی دەدەن کە تەنیا لە مۆسکۆی پایتەخدا بڕیاری دەرکردنی ٢٠ هەزار دەستفرۆش وکریکاری خاریجی دەدرێت بۆ ئەوەی کەکرێکارانی "ڕووسی" کاربەدەست بهێنن، ئەمەش بەزمانێکی ترو بەدیوێکی تردا هیچ شتێك نیە جگە لە شیعاری ڕووسیا بۆ ڕووسیەکانە !
**<u>دواووشە</u>** : خەبات دژ بە ڕاسیزم و نژادپەرستی یەکێك لە ئەولەویەتی کاری بەردەوامی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەری عیراقی بووە ، ئەوا ئەم دۆخە مەترسیدارەی سویسرا لە هەڵسوڕاوانی ئێمە دەخوازێت کەوەك بەشێك لە بزوتنەوەی دژ ڕاسیستی بەدەنگی بەرز بڕێنە شەقامەوە لەبەرامبەر بەم کەمپەینە تەبلیخاتیەی حزبی خەڵکی سویسرادا هاوشانی بەرەی ئازادیخوازو بەرابەرخواز بچنە مەیدانی ڕووبەڕوو بوونەوە دژ بەم حزبە ڕاسیستانەو هەموو بزوتنەوە کۆنەپەرستانەکەیان . لەپاڵ هەر جیهانبینیەکی ئینسانی فیدراسیوندا بەلام ئامانجێك کە هەر چەند ڕۆژ بەرلەئێستە لە کۆنگرەی فیدراسیوندا دەنگمان پێدا دەبێت ئێستە هێزی لەدەور کۆبکەنیەوەو سەنگەری خۆمان و بزوتنەوەی پەنابەری چەند بەرامبەر تیدا بەهێز بکەین . کاتی ئەوە هاتووە کە لەبەرامەبەر بەم فاشیست و نژادپەرستانەدا بلێن: ( ئەم وولاتە هی ئەو کەسەیە کە کار یان ژیانی تیدا دەکات ).
ئەمە نازنامەی ئێمەیە . ئێمە دوێنی لە کۆنگرەدا ووتمان (.... بڕوامان وایە کەمافەکانی ئینسان جیهانیە و بەهۆکاری جوگرافی و ڕەگەز، فەرهەنگ وئاین، نەتەوە وچین، تەمەن وشوێنی لەدایك بوون، سنوردارنابێتەوە. هەربۆچون وباوەڕو بزوتنەوەیەك کەمافەکانی ئینسان بەپێی ئەم هۆکارانە سنورداردەکەنەوە، لەوانە ڕاسیزم و فاشیزم وتیوەری نسبیەتی فەرهەنگی، بیروباوەڕو بزوتنەوەی کۆنەپەرستانەن لەبنەرەتەوە دژایەتیان لەگەل مافە جیهانداگرەکانی ئینساندا هەیە.
کەواتە کاتی دەنگ هەڵبڕین هاتنەمەیدانمانە !
☆☆☆☆☆☆☆☆☆☆☆☆☆☆